تۆ ئێستا لە کوێی؟

وەیشوومە دڵت راچەنێ و
لەبەر قاپی ماڵی گوندەکەمان سەرهەڵێنێ و
سۆراغی تەنیایی و
هەمیشە ونبوونم بکەی.

تاران- ١٩٨٩/٥/٢٦

* پرزە: هێز و تاقەت

## (باڵەوەریوەکانی کۆچ)

بۆ: س

- کۆچمان پاییز
پاییزیش دەفتەری کۆچ
بەڕێوەین و شووم و ترسی،
شەوی ئەم دنیایە زەبەلاحەش
بە دوامانا،
سەر تەوێڵ و دەنگ و ڕەنگمان
زرینچکاوە.
لە ناوی جمەی ساتەکانی ئەم شەوانە
مانگەشەوم لە کۆڵ ناوە و
گەلای مەرگ و گەردی وێڵیم
لە چاوانا نیشتۆتەوە.
هەرتۆی لەگەڵما ڕێ دەکەی و
ئەم رۆحەیەقت ناکاتەوە.
دەزانم تۆش، وەک تارمایی
ئەوکێل و داوەلانەی بە جێم هێشتن،
جێم دەهێڵی.
- بەسەر برینی رێچکەکانا
هەنگاوی برسێتی دەمخواو
لەتی گیانم لە پشووەکانی هەڵەتی
قووڕگی شەکەتییما
لەبن کەڤرێ دەشێرمەوە.
خەونێ لەلانەی
کۆترە کێویلکەکانی گەوەڕان
بۆ هەبوونێکی لە کێوی کێویتر،
لە ئاییندە دەتروکێنم!
ئەی دوو پاییز،
ئەتۆ نەبی
کێ چیرۆکی بێ پاڵەوان و
زەمەن جیوەییمان پێ دەحەسێ!

مەرزی تورکیا- ١٩٨٨/٩



www.arsivakurdi.org

وەرگیرێ و ڕێگاشیان بۆ خۆش بکرێ چونکە قازانجێکی دوو سەرەی دەوڵەتی تێ دایە. یەکێکیان داهێنانەکە خۆی، ئەوی تریش لایەنی ڕاگەیاندنە.

وەکی دی ڕۆژنامەنووسی کورد، ئەگەر بتەوێ شتێک بکا لەو قاڵبە بەدەر، کە خزمەتی ڕژێمی تیایە، ڕێگای نادرێ.. هەڵبەتە هەر داهێنانێکی ڕاستیش بگری لە کاری ڕۆژنامەدا لە خزمەتی ڕژێمدا نییە.

بەم پێیە ئەمڕۆ ئەرکێکی زۆر گەورە و مێژوویی دەکەوێتە ئەستۆی گشت لایەنە بەرهەڵست کارەکان کە هەوڵ بدەن بەپێی توانا ڕێگا بۆ ئەم یەکێتییە ساواو گرنگەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خۆش بکەن کە بە تەواوی ئەرکەکانی بەجێ بێنێ و پەیامی پیرۆزی خۆی بگەیەنێ و زەمینەی سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەرییەکی شۆڕشگێڕ و پەیوەست بە خواست و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و پێشکەوتوو لە لایەنی تەکنیک و هونەری ڕۆژنامەگەرییەوە، خۆش بکات.

حوزەیرانی ١٩٨٤

## پەراوێزەکان

١٩- یەکێتی نووسەران کە لەژێر سایە و سێبەری زرووفێکی سەختی دوای ١٩٧٥ کە ڕژێم نەیدەگرت و نەیدەپاراست، تا ئەوەی کە زیندەبەچالیش کرا بناغەیەکی چاکی تێکۆشانێکی درێژخایەنی چەکدار بە قەڵەم بوو. ئاگرێکی کڵپە سەندبوو لەو جەوە ساردەی ئەو دەمە...... بەلام؟؟

٢- عبدالجبار محمود علي/ فن التصوير الصحفي- دار المعرفة. ل ١٤.

**تێبینی: ئەم وتارە پێشووتر لە شێوەی نامیلکەدا لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاخ بڵاوکراوەتەوە.**

## فۆندی کوردستان

ساڵی ١٩٨٨دوای کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە و بادینان، ژمارەیەکی زۆر لە کورد، ئاوارەی تورکیا و ئێران بوون. لە کوردستان، بە مەبەستی یارمەتیدانی پەنابەران، کۆمەڵەی پەنابەرانی کوردستان دامەزرا و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی داوای لە کۆمیتەکانی بەرە لە ئەورووپا کرد، کە فۆندێک بۆ یارمەتیدانی پەنابەران دابمەزرێنن. نوێنەرانی بەرەش جگە لە کۆمەڵەکانی کوردی لە سوێد لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازەکانی سوێدی وەک Räda Barnen و Röda Korset و SIDA بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیان گرت. دوای دە مانگ گفتوگۆ لە نێوان ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کورد کە نوێنەرانی ٢٧ ڕێکخراو بەشداریان تێداکردبوو، فۆندی پشتگیری پەنابەرانی کوردستان لە دایکبوو. کۆمیتەیەک لە ٧ کەس پێکهات بۆ بەڕێوەبردنی ئەم فۆندە.

لە ماوەی سێ مانگدا فۆند، ملیۆنێک و چوارسەد هەزار و نۆهەت و شەش کرۆنیان کۆکردۆتەوە، لەتەک (٤٥) هەزار کرۆن کە لە شەقام کۆکرابۆوە. هەروەها ٤. تۆن جل و بەرگ کۆکرایەوە و درا بە خاچی سووری سوێدی کە بۆ کوردستان ڕەوانەی بکات.

کۆمەڵەی پزیشکان داوای (١٠٠) هەزار کرۆنی لە فۆند کرد بۆ ڕەوانەکردنی دوو دەستە لە پزیشکان بۆ کوردستان. داخوازییەکانیان جێبەجێ کرا و کارەکەش لەلایەن کۆمەڵەی پزیشکانەوە ئەنجامدرا.

ئەوەی شایانی باس بێت، فۆند خەریکی ئامادەکردنی پرۆژەیەکی خوێندنە لە کوردستان بۆ پەنابەرانی کورد.
شەوی ٢٧/٢٦ی ئایار، (٤٥) هەزار کرۆن لە فیدراسیۆن دزرا، تائێستا ئەنجامی نادیارە.
فۆند، لە ١٠٪ دەرامەتەکەی بۆ بەڕێوەبردنی چالاکییەکانی خۆی لە سوێد تەرخانکردوە.
کۆمیتەی کارگێری فۆند هیواداره کە برا و خوشکە پەنابەرەکانی سوێد و کۆڕ و کۆمەڵەکانی کوردی لە سوێد بە هەموو جۆرێک پشتگیری لە فۆند بکەن و دەستی یارمەتی بۆ پەنابەر و ئاوارەکانی کوردستان درێژ بکەن.



www.arsivakurdi.org

ئەو فیلمانەی نیشانیش دەدرێن، مەگەر بە دەگمەن دەنا زۆربەیان لەو فیلمە بێ ئامانج و بێ مانا میسریانەن و هیچی تر.

ئەگەر لایەنە بەرهەڵستکارەکانی کوردستان، کەم تا زۆر توانیبیان چ لە بارەی ڕۆژنامەگەریی نووسرا و بیستراوەوە بە هەر شێوەیەک بێکاری تێکدەر و چەواشەکەری ئەو دوو هۆیە نەختێک کەم بکەنەوە بە هوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی چاپەمەنی و ئێزگەکانیانەوە.

ئەوا ئەو سندووقە عەجایبەی پێی دەڵێن تەلەفزیۆن دەوری خۆی دیوە و دەبینێ و وەک مێردەزمەیەکی شێوە فریشتە، لەناو ماڵان پاڵی لێداوەتەوە.

بۆیە پێوستە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە مەبەستی گلاوی ئەو هۆیانەی ڕاگەیاندن ئاگادار بکرێنەوە و بەردەوام هوشیار بکرێنەوە.

## ڕۆژنامەنووسی کورد

## (١)

باوەکو باری پاشکەوتوویی کورد بێ باری ڕۆژنامەگەری کوردی بوویێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەنووس نرخی خۆی نەدرێتێ، بەڵام ئاشکرایە لەنێو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا، ڕۆژنامەنووس جێ و ڕێی خۆی هەیە و حیسابی تایبەتی خۆشی بۆ دەکرێ. چونکە ئەگەر ڕۆژنامە دەسەڵاتی چوارەم بێت لە کۆمەڵدا خوێن و هێز و بازووی ئەو دەسەڵاتەش ڕۆژنامەنووسە. بۆیە کەسێ ڕۆژنامەنووسی بەڕاست بێ، ئەرکێکی زۆر گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، دەبێ بەو پەری پاک ویژدانی و بەرپرسیارییەوە بەجێی بگەیەنێ جا چ لە ڕووی پەروەردەیی و ئەخلاقییەوە، یا لە ڕووی پاراستنی سەربەستی و ڕاستیەکانی مێژووەوە بێ.

ئێمە لە پێشەوە چاوێکمان بە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا خشاند و ئەوەمان هاتە بەر چاو کە ڕۆژنامەگەرییمان لە چ بارێکی ناهەموار و پاشکەوتوودایە.

حاڵی ڕۆژنامەنووسی کوردیش لە حاڵی ڕۆژنامەگەری کوردی خراپتر نەبێ چاکتر نییە.

ئەوەی ئاشکرایە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەنووسانی کورد، لە ڕێگای ئەدەبەوە هاتوونەتە نێو دونیای ڕۆژنامەگەرییەوە. کەم وا ڕێک کەوتووە ڕۆژنامەنووسێک خوێندنی ئەکادیمی تەواو کردبێ، هەرچەندە ڕۆژنامەنووسی سەرکەوتوو مەرج نییە بە ئەکادیمی خوێندبێتی، لەگەڵ ئەوەشا ئەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا هێناویەتە نێو ڕۆژنامەوەوە. شارەزایی ئەلف و بێی ڕۆژنامەگەریی و پەیوەندییە گشتییەکانی کردووە بە شتێکی پێویست.

## (٢)

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ڕۆژنامەنووسانی کورد، بوون بە دوو گروپەوە هەندێکیان پیشەی ڕۆژنامەنووسیان وەکو وەزیفە و هۆیەک وەرگرتووە کە هەم لەسەری دەژین و هەم پێی گەیشتوونەتە چەند ئیمتیازێک کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا سوودی لێدەبینن. ئەوانە هیچ بایەخێکیان نە بە قودسیەتی پیشەکە داوە و نە بەو بابەتانەی کە دەیانووسن. هەمیشەش ملکەچی فەرمانی (بە وەزیفە) لە خۆیان گەورەترن تاوەکو جێیان لەق نەبێ. ئەوانە داردەستی ڕژێمن و هەرچی ڕژێم ئینشای دەکا ئەوان ئیملای دەکەن. هەر لەو گروپە تیایان هەیە ئاگاداری کاری ڕۆژنامەگەرین و بەهرەشیان هەیە بەڵام درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن و قەڵەمەکانشیان دەست لەسەر سینگ وەستاوە و هەرچی ڕژێم دەیڵێ ئەشهەدوبیلای بۆ لێدەدەن. هەرچەندە، ئەوانە لای خەڵکانێ ناسراون و نە بە خۆیان و نە نووسینەکانیشیان نرخێکی هەیە، بەڵام دیسان تا ئێستاش هەندێ ساویلکە و بۆرە ڕۆشنبیر بۆ بەرژەوەندی خۆیان دوایان دەکەون.

گروپەکەی تر ئەو ڕۆژنامەنووسە بەشەرەفانەن کە ویژدانیان هەیە و خۆشی و ناخۆشی خۆیان لە خۆشی و ناخۆشی میللەتەکەیاندا دەبیننەوە و بەلایانەوە ڕۆژنامە هۆیەکی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ و چەکی بەرگرییە لە ویست و خواستەکانی. بۆیە ئەوانە هەمیشە تێهەڵدراو و توڕدراو بەبێ بەرە لە قەڵەم دراون و دەدرێن. ئەوانە کاری ڕۆژنامەنووس بە کارێکی پیرۆز و گەورەتر لە وەزیفە و پلەکانی وەزیفە دەبینن و پێیان وایە ئەگەر قەڵەم بێئیختیاریی، سوودی نییە. هەندێکی دی هەن کە لە خۆشبەختی کەمن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە گروپی یەکەم زیان بەخشترن.

ئەوانە دەتوانین پێیان بڵێین (وشک ئاوی) لە ئاویش دەژین و لە وشکانیش... ئەوانە زەڕەیەک ویژدانیان نییە و دووجارانیش درۆ لەگەڵ خۆیان دەکەن. جارێ کە قەڵەمی دەستی ئاغاکانیانن و بە ناوی خوازراوەوە بڵاودەکەنەوە، جارێکیش بە ناوی ئاشکرای خۆیان.

## (٣)

ڕژێم ئەگەر لەبەر زۆر هۆوە جۆرە سەربەستیەکی ئاراستەکراوی بە هەندێ نووسەری عەرەبی دابێ، ئەوا بە گوێرەی ڕۆژنامەنووسی کورد، ئەوەندەش نییە.

بە کورتی ئەمڕۆ کاری ڕۆژنامەنووسی کورد، لە هەندێ مەسەلەی هونەری بەدەر هیچ جیاوازیەکی لەگەڵ هەر فەرمانبەرێکی دیکە نییە... ئینجا فەرمانبەری شارەوانی بێ یا هی بانق یاخود دایەرەی لوولەکێشی و کارەبا. تەنانەت دەگونجێ ئەگەر فەرمانبەرێکی ئەو دایەرانە لە بواری ئیشەکانیاندا داهێنانێک پێشکەش بکەن لێیان



www.arsivakurdi.org

کاریگەرتر بووە، تەنانەت وای لێهاتووە ئەم دوو ئامێرەی ڕاگەیاندن دەورێکی زۆر لە کێشە و ململانێی نێوان هەردوو بەرەی سەرمایەداری و سۆشیالیستدا دەبینن. بە چەشنێک هەر یەک لەو وڵاتانە بودجەی ساڵانەی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن، لەپێش هەموویشیانەوە (ئەمریکا) کە پوڵ و پارەیەکی لە حیساب نەهاتووی بە مەبەستی کارکردنە سەر هۆش و مێشکی خەڵک تەرخان کردووە.

بە گوێرەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانی بە ئیستیلاح جیهانی سێیەم ئەو ئامێرانە تا بڵێی بە هێزن کە لە دەستی ڕژێمە کۆنەپەرست و ڕەفتار فاشیەکانان و کردوویانن بە هۆی لە خشتەبردن و چەواشەکردنی جەماوەر.

بەم چەشنە هۆیەکانی ڕاگەیاندن چەکی دوو سەرن. سەرێکی لە قازانج و سوودی میللەت دایە، هۆیەکی فێرکردن و پەروەردەیی و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرییە. سەرەکەی تریشی هۆی ڕاگەیاندنی ڕژێمە سەرکوتکەرەکانە بۆ لەخشتەبردن و چەواشەکردن.

## (١)

ئەمرۆ دەسەڵاتدارێتی عێراق ئێزگەیەکی، بە بەردەوامی نزیکەی بیست سەعات و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ڕەنگاوڕەنگیشی بە زمانی کوردی بەکارخستووە.

هەڵبەتە ئەم دوو هۆیەی ڕاگەیاندن و پەروەردەکردن وەکو وتمان لە هۆی دیکەی وەک چاپەمەنی و ڕۆژنامە کاریگەرترن بەوەی بڵاوبوونەوە و گەیشتنیان ئاسانتر و مسۆگەرترە، بە تایبەتیش تەلەفزیۆن کە بە چەشنێکی سەیر بینەر بۆخۆی ڕادەکێشێ و کاری تێدەکا بێ ئەوەی هەستیشی پێ بکا.

ئەمرۆ هیچ ماڵ و چایخانە و شوێنێکی گشتیش نییە ئەو دوو سندووقە عاجباتیەی تیا نەبێ، تەنانەت ئەوەی نەیشیبووبێ ڕژێم بە ناوی (هدیە) بەسەری دابەشکردوون بە چەشنێ ئەگەر ڕژێم لە نێوان ساڵانی (٧٥-٨٠) لەلایەک ئەو هێرشە دەست نەپارێزەی ڕاگواستن و کوشتن و بڕین و زیندانی کردنەی بۆ کوردستان هێنا بوو و بە هەزاران کورد لە ئۆردوگا زۆرەملیەکان لە تینوێتی و برسێتیدا بوون و کەمترین هۆی تەندروستیان نەبوو، دەهات تەلەفزیۆنی بەسەر دابەش دەکردن تا گەیشتە ئەوەی بەرپرسیارێکی زلی ڕژێم بڵێت:- پێویستە ئێمە سوود لەو (جیهازە عجیبە) وەربگرین!!؟

ئەوەی گوێ لە ئێزگەی کوردی بگرێ، ئەوەی بە چاکی بۆ دەردەکەوێ کە تا ئێستا چ دەورێکی لە تێکدانی زمانی کوردیدا گێڕاوە، تەنانەت ئەو بەرنامانەی کە نووسەرانی کوردیش ئامادە و پێشکەشیان دەکەن نەیانتوانیوە کارێکی ئەوتۆ بکەنە سەر هەیکەلی ئێزگەکە چ لە خزمەتکردنی زمانی کوردی و چ لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازانە و بە سوود و پرۆگرامی پەروەردەی بە پێز بە تایبەتیش ئەو بەرنامانەی بۆ منداڵی کورد لەو ئێزگەیە پێشکەش دەکرێن کە ڕۆژنامەگەری نووسراوی نییە.

بەگشتی ڕۆژنامەگەریی بیستراوی کوردیش سایلی ڕۆژنامەگەریی نووسراو لە هەمان ئەڵقەی تەسک گیراوە و هۆیەکی دیکەی- بەڵام کاریگەرتر- دەسەڵات دارێتییە بە زمانی کوردی بۆ ڕاگەیاندنی بیروباوەڕی دوور لە هەموو شتێکی مرۆڤانە و دیموکراتیانە.

## (٢)

ڕۆژنامەگەریی بینراویش کە کەناڵی تەلەفزیۆنی کەرکوک دەگرێتەوە هەر بە جاری پێی لێهەڵماڵیوە... ئەم کەناڵە کە هەم لە ئێزگە و هەم لە ڕۆژنامەش کاریگەرترە، دەورێکی چاکی لە شێواندنی هەموو لایەنەکانی ژیان و کولتوور و ئەدەبیمان دا دیوە.

ئەگەر هەندێ پرۆگرام و بەرنامەی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی بە سوود لە کەناڵەکانی عەرەبی تەلەفزیۆنی عێراق هەبێ، ئەوا سەبارەت بەوەی کەناڵی کوردی بە تایبەتی ئاراستە دەکرێ و هۆیەکی ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوە. نە بەرنامەی هونەری بەرنامەیە، نە بەرنامەی سیاسی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و نەهی منداڵان، تەنانەت لە ڕووی هونەری ڕۆژنامەگەرییشەوە لاسایی کردنەوەیەکی بێزارکەری بەرنامە عەرەبیەکانە و هەر بە خەیاڵیش دانابێ، کە ئەم بەرنامانە بینەری کورد دەیانبینێ.

پرۆگرامەکانی دیکەشی تابڵێی وەڕسکەرن و هیچ ڕێکخستنێکی ڕۆژنامەگەرییانەیان تیا نییە، بۆیە دەبینین پڕە لە دووبارەکردنەوە و جووینەوە بە تایبەتیش لە بارەی بڵاوکردنەوەی دراما تەلەفزیۆنییەوە. جاری وا هەیە چیرۆکێکی تەمسیلی، لە ماوەی دوو مانگدا دوو جار نیشان دەدرێ، لە مەسەلەی کۆنبوونیشی هەر گەڕێ. (کە دەبینی وەختی بەسەر چووە و چووەتە خانەی ئارشیفەوە بە تایبەتیش ئەوانەی لە زووەوە بە (ڕەش و سپی) تۆمار کراون) ئەمەیش هەمووی بە بیانووی ئەوەی نیانە، بەڵام کەسێکی کوردی دەقێکی شانۆیی یا تەمسیلیان بۆ دەبا، هەزار و پێنج سەد بیانووی بۆ دەدۆزنەوە و لەوسەری دەیننێرنەوە، خۆ ئەگەر تۆماریشی بکەن بە جۆرێک کلک و گوێی دەکەن دەقەکە ناناسرێتەوە.

بۆ بەرنامەی منداڵیش هەر بەو چەشنە ئێستاش لەگەڵدابێ. هەوڵ نەدراوە تاقە فیلمێکی کارتۆنی بە کوردی دۆبلاج بکرێ و پیشانی منداڵانی کورد بدرێ.

هیچ پەیوەندیەکیش لە نێوان نەخشە و پلانی ئەو کەناڵە و پێداویستەکانی بینەری کورددا نییە.

www.arsiwakurdi.org

بەو ئەلف و بێیەی ئێستا گەیشت. (٢٠)

بەڵام ڕۆژنامەگەری ئێمە نە ئەو بایەخەی بە وێنە داوە و نە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وێنەشدا سەرکەوتوو بووە تەنانەت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانماندا کەم وا ڕێککەوتووە هەواڵ وێنەی لەگەڵ بڵاو کرابێتەوە، لەو هەواڵە کۆن و بەسەرچووانەی ڕۆژنامە عەرەبییەکانەوە بەدەر کە ئەویش لە هەواڵی ڕەسمی و دەزگاکانی دەوڵەت زیاتر نین.

ئەو وێنانەی لەگەڵ ڕیپۆرتاژە لە قاڵب دراوەکانیش بڵاودەکرێنەوە لەبەر ئەوەی بە هۆی کادیری تایبەتی خۆی ناگیرێن و هونەرێکیان تیا نییە هەستێکی ئەوتۆ بە خوێنەر نادەن.

لە ڕۆژنامە عەرەبییەکانی عێراق و ئاژانس و دەنگوباسی عێراقیشەوە بەدەر هیچ سەرچاوەیەکی دیکە نییە کە ڕۆژنامەگەری کوردی وێنەی لێوەربگرێ.

## (٢)

شتێکی دیکەی زۆر گرنگیش هەیە کە تاکو ئێستا ڕۆژنامەگەری کوردی بایەخی پێ نەداوە (مەگەر بە دەگمەن) هونەری «کاریکاتێرە».

بێگومان نەبوونی کاریکاتێر لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا زیاتر بە مەسەلەی ئازادییەوە بەستراوە لەوەی بە هۆی ئیمکانیاتی هونەرییەوە بێ. نەبوونی کاریکاتێر، ئەوە دەگەیەنێ کە بەڕادەی ئەوپەڕیشی ڕۆژنامەگەری کوردی ئازاد نییە، چونکە هونەری کاریکاتێر لە ڕۆژنامەدا کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر جەماوەر، بۆیە هیچ ڕۆژنامەیەکی دونیا بەو جۆرە لە کاریکاتێر خاڵی نییە. بەمەش ڕۆژنامەگەری کوردی لە هونەرێکی گرنگی تر کە دەورێکی باڵای لە مەیدانی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵدا هەیە بێبەشە. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ ئەوەی تا ڕۆژنامەگەری کوردی ئازاد نەبێت و لەوە دەرنەچێ (هۆیەکی ڕاگەیاندن بێ) لە توانای دا نییە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات و پەیامی پیرۆزی ڕۆژنامەگەریی بگەیەنێ.

## (٣)

بەو حاڵ و وەزعەی ڕۆژنامەگەریی کوردیشەوە، ئینجا ڕۆژنامەیەکی وەک (هاوکاری) نیوە بە نیوەی بڵاوناکرێتەوە، ئەوەی کە بڵاویش دەکرێتەوە تەنیا لە بازاڕی شارەکانە و بەس.

جا ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕۆژنامەی (الثورە) دەگەیشتە دوورترین گوند و دێهاتی کوردستان، زۆر دێهات و تەنانەت قەزای کوردستان نەک هەر ڕۆژنامە بگرە زۆر چاپەمەنی دیکەشی نەدەگەیشتێ و دەیان جار بەدەستی ئەنقەست لە (داری وەتەنی تەوزیعەوە) چاپەمەنی کوردی لە بڵاوکردنەوە (گەلێ جار) بە دوو مانگ و سێ مانگ دواخراوە.

ڕاستە بێ بازاڕی چاپەمەنی کوردی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان و نەبوونی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بەڵام دواکەوتنی ڕۆژنامە بۆ ڕۆژی پاشی یا دوو ڕۆژ بە تایبەتیش کە هەفتانە بێ لە ڕۆژنامە دەچێتە دەرەوە و دەبێتە کۆمەڵێک بەستەی کاغەز و لای ئوتوچییەکانەوە دەبینرێتەوە.

بەم جۆرە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قاڵبێکی وا تەسک ئاخنراوە هەناسەی لەبەر بڕاوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەم شەڕە وێرانکارییە دەستی پێکردووە هەر بە جارێ دونیای لێ وێکهاتووەتەوە و بە جۆری بینی تەنگ بووە شێوە زەرد باوەکەشی نەماوە.

# تیشکێک
# بۆسەر ڕۆژنامەگەریی «بیستراو» و «بینراو»ی کوردی

**پێشەکی:**

پێشکەوتنی تەکنەلۆژی سەدەونیوی ئەم دواییە، کارێکی زۆریشی کردە سەر بەرەوپێشچوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی تر، بە جۆرێک دەتوانین بڵێین ئەمڕۆکە دونیا بچووک بووەتەوە، لەمەشدا مەبەستمان ئەوە نییە قارەکان وێکهاتوونەتەوە و دونیا بچووک بووەتەوە، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان، مرۆڤ لەوبەری دونیا ئاگاداری ئەم پەرەکەی ترە.

بەرەنجامی ئەو پێشکەوتنەش دوو ئامێری سەیر و گرنگی داهێنا ئەویش ئێزگە و تەلەفزیۆن بوو.

ئەگەر تا دوێنێ ڕۆژنامەگەری نووسراو، هۆیەک بوو لە هۆیەکانی کارکردنە سەر هۆش و هەستی جەماوەر و چەکێک بوو بە دەستی ڕژێمە سەرکوتکەر و ئیمپریالیەکان دژ بە کۆمەڵانی خەڵک بۆ قازانج و سوودی خۆیان بەکاریان دەهێنا وەک ئەوەی لە هەمان کاتیشدا، چەکێکی کاریگەری هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش و ستەمدیدە بوو، ئەمڕۆ پاش پەیدابوونی ئێزگە و تەلەفزیۆن چەکەکە

www.arsivakurdi.org

# رۆژنامەگەریی كوردی
# و
# رۆژنامەنووسی كورد

ئەژاد عەزیز
سورمێ

## پەشی دووەم

## لایەنی هونەری
## لە رۆژنامەگەریی كوردییدا

مەبەستمان لە لایەنی هونەری رۆژنامەگەری كوردی، چۆنیەتی چاپ و دەرهێنان و بڵاوكردنەوە و لایەنی دیكەی وەكو وێنەی فۆتۆگرافی و كاریكاتێر و زانیاری ئارشیفییە. لایەنی هونەری لەگەڵ گرنگیشی بۆ رۆژنامە، لە سیاسەتی نەخشە بۆ كێشراوی ئەو دەزگایانە رزگاری نەبووە. كورد دەڵێ: پێچك چوارە بە ژمارە– ئینجا لەگەڵ ئەو هەموو هاشووهووشەی رژێم بۆ حوكمە زاتیەكەی بەرپای كردووە تا ئێستا لە رۆژنامەیەكی هەفتانە و پێنج شەش گۆڤار زیاترمان نییە. لەو گۆڤارانەش هەیانە كە مانگانەیان لەسەر نووسراوە كەچی جاری وایە بە چوار مانگ جارێ دەرناچن، ئەگەر باسی ئەوە نەكەین كە بریتین لە كۆمەڵە بابەتی دوو توێی (بەناو گۆڤارێك) و بەس، ئەگینا ئەو مەرجە رۆژنامەنووسیانەیان تێدا نایەتەدی كە پێویستن. هەر بە نموونە گۆڤاری بەیان كە ئەوە پانزە ساڵە دەردەچێ (١٩٦٩- ١٩٨٤) دەبوایە (١٨٠) ژمارەی لێدەرچووبایە كەچی دوا ژمارەی لە ١٩٨٤دا گەیشتە (٩٦) ژمارە. بۆ گۆڤارەكانی دیكەش هەر بەو جۆرە تەنها گۆڤاری (كاروان)ی لێ بترازێ كە تا رادەیەك لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا دەردەچێ.

ئەمرۆكە لە كوردستانی عێراقدا رۆژنامەیەك یا گۆڤارێكی تایبەتی نییە، یا بە زاراوەی رۆژنامەنووس - بێ لایەن - نییە. هەیە هی دەوڵەتە و نیە هی دەوڵەت. تاقە گۆڤارێك هەبووبێ كە سەر بە دەزگاكانی دەوڵەت نەبووبێ - گۆڤاری نووسەری كورد - بووە كە ئەویش ئێستا دوای گوڕوەشاركردنی یەكێتی نووسەرانی كورد، داخراوە [١٩] و وەكو وتیشمان لە هەلومەرجێكی سەخت و ئیمكانیاتێكی مادی سەختیش دەرچووە.

كە ناوەڕۆكی ئەو گۆڤار و تاقە رۆژنامە هەفتەییە بەلاوە بنێین و بەراوردێكی سادە و سەرپێی لەگەڵ ئەو رۆژنامە و گۆڤارە عەرەبیانە بكەین چ لە بارەی بەردەامی دەرچوونەوە بێ، یا لە بارەی چۆنیەتی و چەندییەتیەوە لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی كە بڵێین نە رۆژنامەمان هەیە و نە گۆڤار... چونكە لەگەڵ ئەو گۆڤار و رۆژنامە عەرەبیانەش كە لە بازاری چاپەمەنی عێراقی و كوردیشدا دەفرۆشرێن، ئەمرۆ تەنها دەزگاكانی راگەیاندنی دەسەڵاتداریەتی عێراق زیاتر لە (٥٠) رۆژنامە و گۆڤار بە بەردەوامی و لە هەموو بوارێكی ئەدەبی و رۆشنبیری گشتی و وەرزش و عەسكەری و...... هتد. جگە لە گۆڤار و رۆژنامەی منداڵان كە ئێمە هەر نیمانە و قەدەغەشە گۆڤارێك یا رۆژنامەیەكی منداڵان بە كوردی هەبێت!!

## (١)

لایەنی هونەری لە لە رۆژنامەگەری كوردیدا، سەقام گرتوو نەبووە و هەمیشە لە هەڵكشان و داكشاندا بووە، تەنانەت ئێستاش كە گوایا بە ئامێری (موتەتەویرەوە) چاپ دەكرێ، پێوەی دیار نییە!

هەرچی چۆنێك بێت لەم ڕووەوە گۆڤارەكان بەرچاوترن، بەڵام دیسان وەكو هونەری رۆژنامەگەری، هێشتا بە گشتی هەژارن چ لە بارەی هونەری بڵاوكردنەوەی وێنەوە چ لە ڕووی نەبوونی ئارشیفێكی وا كە ئیش و كاری تاقە رۆژنامەیەكی هەفتانە ڕاپەڕێنێ.

لەوانەیە هەبن وێنەیان پێ شتێكی گرنگ نەبێ، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین (سەرەتای رۆژنامەگەری بە وێنەوە دەستی پێكرد، مەگەر ئادەمزادی دێرین كە وێنەی لەسەر دیواری ئەشكەوتان دەكێشا و چیرۆكی سەردەمی خۆی تۆمار دەكرد، بە هەزاران ساڵ بەر لە مێژوو چۆن ڕاوی ئاژەڵ و گیانلەبەری دیكەی دەكرد و چ چەكێكی بەكاردەهێنا......

سەرەتای زمانی نووسینیش هەر لە زمانی وێنەوە پەرەی سەند و

www.arsivakurdi.org

جۆرە خانەیەکی تریش کەپێیان دەوترێ (B-celler) بەر هێرشی ڤایرۆسەکە دەکەون. ئەم خانانە وەکو کارگەیەک وان بۆ دروست کردنی دژەتەن، چونە ژورەوەی ڤایرۆسەکە بۆ ناو ئەم خانانە(B-celler ) نابێتە هۆی مردی خانەکان یەکسەر بەڵکو خانەکان وردە وردە و لەسەر خۆ لە توانای ئەوەدەکەون کە دژەتەن دروست بکەن.

بێجگەلەو خانانەی کە تا ئێستا باسمان کردون، جۆرە خانەیەکی تری سیستەمی بەرگریش بەرهێرشی ڤایرۆسەکە دەکەون وە ئەو خانانە پێیان دەوترێ (خانەبخۆرەکان) یان (خانە ئەنتی جین پێشکەشکەرەکان) (cells Antigen-Presenting) ئیشی ئەم خانانە ئەوەیە کە هەر کاتێ خانەی بێگانە چوە ناو لەشەوە (بۆ نمونە ڤایرۆسی ئەیدز) ئەمان ئەم خانە بێگانانە ئەگرن و پێشکەش خانە یارمەتی دەرەکانی ئەکەن وە خانە یارمەتی دەرەکانیش دوای ئەمە دەست دەکەن بە ناردنی ئیشارەت (signals) بۆ خانەکانی تری سیستەمی بەرگری وەبەم شێوەیە هەمور خانەکانی تریش تەحفیز دەبن و دەکەونە کارکردن دژی ڤایرۆسەکە. بە حوکمی ئەوەی کە خانە بخۆرەکان دەسوڕێنەوە بەهەمور لەشدا ئەوا بە هۆی ئەم خانانەوە ڤایرۆسەکە بە هەمور لەشدا بلاّو دەبێتەوە سەرەڕای ئەمانەش ڤایرۆسەکە هێرش دەکاتە سەر خانەکانی مێشکیش . ئەمەش لە دوایدا باسی دەکەین.

*ئەنزیمەکان پرۆتینە ماددەن کە لە ترشە ئەمینیەکان پێکهاتوون وە ئەم ئەنزیمانە کلیلی ئەو کارلێکە کیمیاوییە جیاوازانەن کە لە ناو خانەدا ڕوو دەدەن.

**ناوکە ترشەکان(Nucleic acids) پێکهاتوون لە پێکە بەستراوي سەدەها یەکەی بچووکتر کە پێیان دەوترێ نیکلیۆتیدەکان، نیکلیۆتیدەکانیش لە سێ ناوێتەی پێکە بەستراو دروست بووە بەم شێوەیە :کۆمەڵەی فۆسفات--شەکر---نایترۆجینە تفت. ئەو شەکرەی کە بەشدارە لە پێکهاتنی نیوکلیۆتیدا دوو جۆرە، ڕایبۆسRibose یان دیئۆکسی ڕایبۆز deoxyribose جا ئەگەر گەردی ناوکە



ترشەکە شەکری ڕایبۆسی تیا بێت ئەوا پێی دەوترێ ڕایبۆ ناوکە ترشەکان (ئار ئێن ئەی)(RNA) بەڵام ئەگەر ناوکە ترشەکە شەکری(دیئۆکسی ڕایبۆزی) تیا بێت ئەوا پێی دەوترێ دیئۆکسی ڕایبۆترشەکان(دی ئێن ئەی)(DNA) . گەردەکاني دی ئێن ئەی لە دوو زنجیرە لە نیوکلیۆتید پێکهاتووە کە بەشێوەی لولپێچیکي هاوجووت Doubel Helix بە دەوری یەکتردا پێچیان خواردوە، بە پێچەوانەی گەردی RNA یەوە کە بە شێوەی زنجیرەیەکی تاکە. نایترۆجینە تفتەکان لە RNA دا، بریتین لە ئەدینین(A)، گوانین(G)، سیتۆسین(C)، ئۆراسیل(U) هەرچي نایترۆجینە تفتەکانی DNA ، یە هەروەکو ئەوانەی RNA ی وان بەلام لە جیاتی ئوراسیل ثمینی(T) تێدایە.

گەردی DNA یەکێکە لە گرنگترین ماددەکانی خانە وە سیفاتە بۆماوەکانی تیا کۆبۆتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی DNA و RNA لە هەمور خانەیەک دا هەیە بەڵام لە هەندێ بوونەوەردا وەکو ڤایرۆسی ئەیدس بەس تەنها RNA هەیە و سیفاتە بۆماوەکانی تیا کۆبۆتەوە.

ماوەتی

## ئاگاداری

رۆژی ١٩٩١/١٢/٧ شەواهەنگێکی کوردی لەلایەن هونەرمەند ناسری ڕەزازییەوە بۆ یارمەتی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوێد، لە ڕەستورانی مینی پێشکەش دەکرێ.

هاتن بۆ هەمووانە. بەخێرهاتنتان دەکەین.

ناونیشان: T Kista
Kistagången 19
MENY RESTAURANT

پرسە

جەلال ئامێدیی جوانەمەرگ

١٩٥٤- ١٩٩١

لە ئێوارەی ٢٦/ . ١/١٩٩١دا لە شاری ستۆکهۆلم و دوای نەخۆشییەکی کتوپڕ، هەڤاڵ جەلال ئیبراهیم خەلیل ئامێدی، دوا ماڵئاوایی لە ئێمە و لە خزم و کەسوکار و هەڤالانی خۆی کرد. هەڤاڵ جەلال لە ساڵی ١٩٧٧دا کۆلێجی کشتوکاڵی لە زانکۆی موسل تەواو کردووە. ساڵی ١٩٧٨ چۆتە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە تا ساڵی .١٩٨ بەر لە پەناهێنانی بۆ سوێد لە نێو ئەو ڕیزانەدا ماوەتەوە.

سڵاو بۆ گیانی پاکی کاک جەلال ئامێدی
پرسە و پەژارە بۆ کەسوکار و هەڤالانی

www.arsivakurdi.org

**ڕێترۆ ڤایرۆس retrovirus**

خێزانێکە لە خێزانەکانی ڤایرۆس ئەم ڤایرۆسانە تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر تەنها بەوە ناسرابون کە نەخۆشی تووشی گیانەوەر دەکەن. زۆربەی زۆری ڕێترۆڤایرۆس سەر بە کۆمەڵێک ڤایرۆسن کە پێیان ئەوترێ ئۆنکۆڤایرۆس Onkovirus کە ناسراون بەوەی کە نەخۆشی شێرپەنجە توش دەکەن بۆنمونە شێرپەنجەی مەمک لەمشکدا یان شێرپەنجەی خوێن لەپشیلەدا یان شێرپەنجەی لیمفاوی لە مەیمونو مانگادا. لێنتیڤایرۆسLenti virus کۆمەڵێکی بچوکە کەسەر بەخێزانی ڕێترۆ ڤایرۆسە، ئەم ڤایرۆسانە واتە لێنتی ڤایرۆس نەخۆشی توشی مەڕومالاَت ئەکەن بۆ نمونە هێرش دەکەنە سەر مێشکی مەڕو بزنیش توشی ئازاری جومگە ئەکەن هەروەها کەم خوێنی توشی ئەسپ دەکەن. ئەوەی کەهاوبەشە بۆ هەموو ئەو ڤایرۆسانەی کەسەر بە خێزانی ڕێترۆڤایرۆسن ئەوەیە کە بۆماووەماددەی هەمویان پێک هاتوە لە مۆلیکیولی ناوکەترشەکان (ئار.ئێن.ئەی RNA) ** نەک ناوکەترشەکانی (دی.ئێن.ئەی DNA) ** کە لە خانەکانی مرۆڤ و گیانەوەرەکانی تردا هەیە.هەروەها ئەم ڤایرۆسانە جۆرە ئەنزیمێکیان تیایە کە پێی ئەوترێ (reverse trancriptase) کەبە بێ ئەم ئەنزیمە ڤایرۆسەکە ناتوانێ زۆربێ‌و زیاد بکات.

HIV (Human Immun deficiency Virus) ناوێکی هاوبەشە بۆ ئەو کۆمەڵە ڤایرۆسانەی کەنەخۆشی ئەیدز توش دەکەن وەکو لەپێشەوە ووتمان ئەم ڤایرۆسانە سەر بەخێزانی ڕێترۆ ڤایرۆسن.

شێوەی دروست بونی بۆماوەماددەو لەشی ڤایرۆسی ئەیدز لە لێنتی ڤایرۆس ئەچێت و ئەوەی کەهاوبەشە لەهەموو ئەم ڤایرۆسانەدا ئەوەیە کە ئەو پرۆتینانەی کەبەشی دەرەوەی ڤایرۆسەکە پێک ئەهێنێت و بەڕوی ڤایرۆسەکەوە نووساون زۆر بەخێرای توانای گۆڕانیان هەیە. پاش ئەوەی کە ڤایرۆسی ئەیدز دۆزرایەوە، تێبینی ئەوە کرا کە جۆرە نەخۆشیەک هەیە لە ناو مەیموندا کە لە زۆر ڕوەوە لە نەخۆشی ئەیدز دەچێت.

ئەو ڤایرۆسەی کە لە مەیمونە نەخۆشانەدا دۆزراتەوە سەر بە کۆمەڵی ڕێترۆ ڤایرۆسن و لە زۆر سیفاتی بەرگری (Immunological) و بایۆلۆجیاندا لە ڤایرۆسي ئەیدز دەچن . ئەم ڤایرۆسانەی کە لە مەیموندا دۆزراوەتەوە ناونراوە (Simian T-lymfropt Virus typ (STLV-111). لە ڕێی تاقی‌کردنەوەوە پیشان دراوە کە ڤایرۆسی (STLV-111) نەخۆشی نوقسانی و لاواز بونی سیستەمی بەرگری (Immundeficinecy) توشی مەیمونی غەینون (guenon) (مەیمونێکی ئەفریقی باریک‌و کلک درێژە) ئەکات بەلاَم ئەم ڤایرۆسە لە مەیمونی سەوزدا (کەجۆرێکی ترە لە مەیمونی ئەفریقی) هەشبێت، نەخۆشیەکەی تیادا دەر ناکەوێت . ئەم ڤایرۆسەی کە لەم مەیمونانەدا هەیە واتە (STLV-111) مرۆڤ توشی هیچ شتێک ناکات بەلاَم یەکێ لە تیۆریەکان ئەڵێ لەوانەیە لە کاتێک لە کاتەکاندا ڤایرۆسێکی تازە لەم ڤایرۆسەوە کەوتبێتەوە. ئەم ڤایرۆسە تازەیە توانای هەبوبێت کە مرۆڤیش تووش بکات واتە ڤایرۆسی ئەیدز.

**دروست بونی دژەتەن دژی ڤایرۆسی ئەیدز -**

لێنتی ڤایرۆس (Lentivirus) ] ڤایرۆسی ئەیدز جۆرێکە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم کۆمەڵە ڤایرۆسە] بە هەمان شێوەی ڤایرۆسی پەتا کار دەکات واتە توێکڵی دەرەوەی ڤایرۆسەکە بە شێوەیەک‌ئەگۆڕێت کە سیستەمی بەرگری هەڵدەخەڵەتێنێ وا دەزانێ کە ڤایرۆسێکی تازەیە. کاتێ کە ڤایرۆسی ئەیدز دەچێتە لەشەوە، خانەکانی خوێن دەکەونە دروست کردنی دژەتەن دژی هەموو ئەو پرۆتینانەی کە ڤایرۆسەکەی لێ پێک هاتووە و دژی توێکڵەکەش کە بە دەوری ڤایرۆسەکەوەیە بەلاَم ڤایرۆسی ئەیدز دەتوانێ خۆی ڕزگار بکات لەو دژەتەنانە چونکە توێکڵی ئەو ڤایرۆسانەی کە تازە دروست دەبن (ڤایرۆسەکە لەزۆر بوندایە) جیاوازە لەو ڤایرۆسانەی کە دژەتەنەکان دژیان دروست بوون وە سیستەمی بەرگری وا دەزانێ کە ڤایرۆسی تازەن. لەگەڵ ئەوەی کە دژەتەنیش دژی ئەم ڤایرۆسە توێکڵ‌گۆڕاوانە دروست دەبێ‌بەلاَم ژمارەیان بەس‌نیە بۆ ئەوەی بلاَوبونەوەی ڤایرۆسەکە بە شێوەیەکی کاریگەر بوەستێنێ لە لەشدا .

**هێرش کردنی بۆ سەر سیستەمی بەرگری لەش:-**

ڤایرۆسی ئەیدز هێرش دەکاتە سەر یەکێ لە گرنگترین خانەکانی سیستەمی بەرگری کەپێیان دەوترێ (T- helper)(خانە یارمەتی دەرەکان) خانەیەکە دەورێکی بالاَی هەیە لە سیستەمی بەرگری کردندا، ڤایرۆسەکە ئەم خانەیە بەکار دەهێنێ وەکو شوێنێک بۆ زۆر بوون تیایدا. ئەرکی خانە یارمەتی دەرەکان ئەوەیە کە وەکوو مایسترۆی سەمفۆنیایەک ڕێ نومای بەشەکانی سیستەمی بەرگری دەکات هەروەک‌و چۆن گروپی سەمفۆنیایەکی بێ مایسترۆ بێ نیزام مۆسیقا لێ دەدات بە هەمان شێوەش سیستەمی بەرگری لەش بێ نیزام‌و نوقسان ئیش دەکات بێ خانە یارمەتی دەرەکان. بەهۆی ئەوەی کە ڤایرۆسەکە دەکەوێتە زۆربوون لە ناو خانە یارمەتی دەرەکاندا ئەم‌خانانە ئەمرن و لە سەرەتادا خانەی یارمەتی دەری تازە دروست ئەبێ لە شوێنیان. ئەم خانە تازانە لە مۆخدا دروست دەبن بەلاَم مۆخیش تا سنورێکی دیاری کراو ئەتوانێ خانە دروست بکات، کۆگەکەی (مەخزەن) بەتاڵ دەبێت ئیتر لێرەوە باری تەندروستی نەخۆشەکە زۆر بەرەو خراپی دەڕوات. ئەم خانانە تەنها



www.arsivakurdi.org

ئەو میکرۆبانە بناسنەوە که دژەتەنیان پێوە نوساوە ئەیانخواو لە ناویان دەبات. بەم شێوەیە سیستەمی بەرگری لەشمان ئەتوانێ بە خێرایی بلاوبونەوەی تەنی بێگانە(جا ئایا بەکتریا بێت یا ڤایرۆس یان هەرمیکرۆبێکی تر بێت) بەلەشدا بوەستێنی پێش ئەوەی ئەو تەنە بێگانانە ببنە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشیەکە لەمرۆڤە تووش بووەکەدا. بۆنمونە خۆ کوتان دژی نەخۆشی شەلەلی منداڵ (دەردەکۆیان)و ئاولە لە سەر ئەو بنچینەیە پێک هاتوە کە ژمارەیەکی زۆر لەدژەتەن هەیە لە خوێندا کە ڤایرۆسەکان دەناسنەوە و یەک دەگرن لە گەڵیانا. بەلاّم تا رادەیەک ئەتوانین خۆمان بپارێزین لە نەخۆشی پەتا(ئەنفلوەنزا) هۆکەشی ئەوەیە کە ئەو ڤایرۆسانەی نەخۆشی پەتا توش دەکەن توانای ئەوەیان هەیە کە ئەو تۆنکڵە بگۆرن کە بە دەوری ڤایرۆسەکەدایە بەشێوەیەک کە دژەتەنەکان نەتوانن بیناسنەوە واتە هەموو جارێک کە مرۆڤ توشی پەتا ئەبێت ڤایرۆسەکە تۆنکڵەکەی دەرەوەی خۆی دەگۆری بەشێوەیەک کە ئەو دژەتەنانەی کە لە خوێندا هەیە دژی ڤایرۆسی پەتا ناتوانن ڤایرۆسەکە بناسنەوە و یەک بگرن لە گەڵیا، وا دەزانن کە ڤایرۆسێکی تازەیە لە بەر ئەوە سیستەمی بەرگری درەنگ دەکەوێتە ئیش کردن دژی ڤایرۆسەکە، دوای ئەوەی کە نیشانەی نەخۆشیەکە دەردەکەوێ ئینجا سیستەمی بەرگری دەکەوێتە ئیش کردن و دژەتەن دروست دەکات دژی ڤایرۆسەکە.

### .ترسناکترین ڤایرۆس

ڤایرۆس تەنێکی زۆر بچوکە لەبەشێک پێک هاتوە کە پێی دەوترێ کاپسید Capsid کەوەکو کیسەیەک وایە تۆزێ بۆماوەمادەو(genetic material) چەند ئەنزیمێکی* تیایە وە هەندێ ڤایرۆس تۆیکڵێک دەوری داوە. ڤایرۆس لە دەرەوەی خانەدا زیندونیەو ناتوانێ زۆر ببێ و ڤایرۆسی تازە دروست بکات ، بۆ ئەوەی ئەم چالاکیانە روویدات دەبێ ڤایرۆسەکە لەناو خانەدا بێت واتە ئەبێ لەناو خانەخۆیەکەیدا بێ بۆ نمونە مرۆڤ. دوای ئەوەی کە ڤایرۆسێک لە رێی پەردەی خانەوە چووە ناو خانەیەکی زیندوو ئەوا خانەکە ئەکاتە کارگەیەک بۆ دروست کردنی ڤایرۆسی تازە کەدێنەدەرەوە و

خانەکانی تر توش ئەکەن، ئەوە بەردەوام ئەبێت تا سیستەمی بەرگری لەش زاڵ ئەبێ بەسەر ڤایرۆسەکە. بەلاّم ڤایرۆسی ئەیدز وێنە(١) توانای ئەوەی هەیە کەسیستەمی توشبوەکە لە ناوبەرێت لەبەر ئەوە و ئەم خالاَنەی خوارەوە ڤایرۆسی ئەیدز زۆر ترسناکترە لە ڤایرۆسەکانی تر:

١. ڤایرۆسەکە هێرش ئەکاتە سەر سیستەمی بەرگری لەش و لەناوی دەبات.
٢. توش بون بەم ڤایرۆسە هێندەی درێژایی ژیان ئەخایەنێ.
٣. ڤایرۆسی ئەیدز ئەبێتە رێخۆشکەر بۆ توش بونی نەخۆشی تر وەک شێرپەنجەو گەلێک نەخۆشی تر opportunist infections.
٤. ڤایرۆسی ئەیدز توانای گۆرینی تۆێکڵەکەی دەرەوەی هەیە، بەو شێوەیە سیستەمی بەرگری لەش هەڵ ئەخەڵەتێنێ.
٥. هێرش دەکاتە سەر خانەکانی مێشک.
٦. دەرمانی چاک بونەوە دژی ڤایرۆسەکە تا کو ئێستا نەدۆزراوەتەوە.
٧. نەخۆشیەکە ئەگوێزرێتەوە بێ ئەوەی هەست بە نەخۆشیەکە بکەی




تا ماوەیەکی زۆر.
٨. نیشانەکانی نەخۆشی بەم ڤایرۆسە لە سەرەتادا نادیار و ئالۆزو .
٩. کوتان (vaccine) دژی ئەم ڤایرۆسە نیە.

وێنە(٤): هەرتەنێک یان بونەوەرێکی بێگانە دژەتەنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەروەکو لە وێنەکەدا دیارە. هەموو تەنێکی بێگانە (واتە ئەنتی جین) چەند جۆرە پێکهاتەیەکی لە پرۆتین دروستکراوی پێوە لکاوە کە وتوانای پێوەنوسان و یەکگرتنیان لەگەڵ بەشی خۆگرێی زنجیرە پرۆتینیەکانی دژەتەندا هەیە( سەیری وێنە ٣ بکە) . ئەگەر لە یادمان بێت وتمان هەردژەتەنێک بەشی خۆگرێی تایبەت بە خۆی هەیە. جا بۆ ئەوەی بەشی خۆگرێ بتوانێ تەنی بێگانە بگرێت. دەبێ ئەو بەشە خۆگرەی دژەتەنەکە وەکو رێژگەیەک(قالبێک) خۆی بگونجێنێ بۆ ئەوەی یەک بگرێت لەگەڵ پێکهاتووی تەنە بێگانەکە واتە ( ئەنتی جینەکە). هە رلەبەر ئەمەشە وەکو لە وێنەکەدا دیارە کە دژەتەنی(١) ئەتوانێ یەک بگرێ لەگەڵ ئەنتی جینی(١) چونکە لەگەڵ یەک دەگونجێن بەهەمان شێوە دژەتەنی(٢) لەگەڵ ئەنتی جینی(٢) یەک دەگرێ، دژەتەنی (٣)ش لەگەڵ ئەنتی جینی(٣)یەک دەگرێ. بەلاّم دژەتەنی(١) ناتوانی لەگەڵ ئەنتی جینی(٢) و (٣)دا یەک بگرێت چونکە لەگەڵ یەکدا ناگونجێن هەروەها دژەتەنی(٢)ش لەگەڵ ئەنتی جینی (١) و (٣) یان دژەتەنی (٣) لەگەڵ ئەنتی جینی (١) و (٢)دا ناتوانن یەک بگرن.



www.arsivakurdi.org

دەکەنە سەر چالاکیان بۆ نمونە ڤایرۆسەکان بەرگێکی پرۆتینیان هەیە بەدەورا و ڤایرۆسەکە بە هۆی بەشێکی دیاری کراو لەم بەرگەپرۆتینەدا دەتوانێ خۆی بنوسێنی بە پەردەی خانەوە و بچێتە ژوورەوە بەڵام دژەتەن ئەتوانێ ئەم بەشە ناوبراوەی بەرگەپرۆتینیەکە داپۆشێ یەک بگرێ لە گەڵیا ئەوکاتە ڤایرۆسەکە ناتوانێ خۆی بە خانەکانەوە بنوسێنی‌و، ناتوانێ بچێتە ژوورەوە و خانەکان توش بکات.

٣- دژەتەن ئەتوانێ یەک بگرێ لەگەڵ جۆرە پرۆتینێکدا کە لەخوێندا هەیەو پی‌ی دەوترێ Complement دوای ئەم یەکگرتنە دژەتەنەکە ئەتوانێ تەنە بێگانەکان شی بکاتەوە و لەناویان بەرێ.

زۆربەی زۆری ڤایرۆس تەحفیزی سیستەمی بەرگری لەش دەکەن دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم سیستەمە بکەوێتە دروست کردنی دژەتەن وەئەم دژەتەنە ئەتوانێ زاڵ بێ بە سەرڤایرۆسەکەدا و دەبێتە هۆی لە ناوبردنی. لەهەمان کاتیشدا دژەتەنەکە ئەتوانێ بەرگری لەش بکات ئەگەر هاتوو هەمان جۆر ڤایرۆس جارێکی تر هێرشی کردەوە سەر لەش. دوای چاک‌بونەوە لە نەخۆشیەکە، ژمارەیەکی دیاری کراو لەدژەتەنەکان دەمێننەوە لە خوێندا دەتوانن جارێکی تر هەمان ڤایرۆس بناسنەوە. هەموو جۆرە ڤایرۆسێک یان بەکتریایەک‌یان هەرتەنێکی بێگانەی تر هەریەکە دژەتەنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ نموونە ئەگەر میکرۆبێک، با ناوی بنێین ژمارە(١)، بچێتە ناو لەشەوە و تەحفیزی سیستەمی بەرگری بکات ئەوا جۆرە دژەتەنێک دروست دەبێت کە تایبەتیە بە میکرۆبی ژمارە ١، با دژەتەنەکەش ناو بنێین دژەتەنی ژمارە ١ بەس تەنها لەگەڵ میکرۆبی ژمارە ١ دا یەک ئەگرێ و ئەیناسێتەوە و لەگەڵ هیچ میکرۆبێکی تردا یەک ناگرێت. ئەگەر هاتوو دوای چاک‌بونەوە لەو نەخۆشیەی کەمیکرۆبی ژمارە ١ توشی کردبو جارێکی تر میکرۆبی ژمارە ١ نەخۆشی توشی هەمان مرۆڤ کردەوە ئەوا لە خوێنی مرۆڤەکەدا هەندێ لەدژەتەنی ژمارە ١ هەیە (لەجاری پێشوەوە) کە یەکسەر لەگەڵ میکرۆبەکەدا یەک‌دەگرێ و بەو شێوەیە بە خێرایی تەحفیزی سیستەمی بەرگری دەکات بۆ ئەوەی بکەوێتە دروست کردنی دژەتەنی ژمارە ١ بەشێوەیەکی زۆر. بەهەمان شێوە ئەگەر جۆرە میکرۆبێکی‌تر با ناوی بنێین میکرۆبی ژمارە ٢، نەخۆشی توش کرد، ئەوا دژە تەنی ژمارە ٢ دروست دەکات دژو یەک دەگری لەگەڵیا. دژەتەنی ژمارە ٢ ناتوانێ میکرۆبی ژمارە ١ بناسێتەوە. بەهەمان شێوە دژەتەنی ژمارە ١ ناتوانی میکرۆبی ژمارە ٢ بناسێتەوە واتە هەر میکرۆبەی دژەتەنێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی زیاتر باسەکە روون بێت سەیری وێنە ژمارە ٤ بکە.

جۆرە خانەیەک لە خرۆکە سپیەکان کە پێیان دەوترێ مۆنۆسایت(monocyte) یان خانەی ئەنتی جین پێشکەش‌کەرەکان.

(APC) (Antigen Presenting cell یان خانە بخۆرەکان، ئەتوانن







وێنەی-A١- شێوەی پێک هاتنی ڤایرۆسی ئەیدز و بۆماوە ماددەکەی. وەکو لە وێنەکەدا دیارە توێکڵێک viral membrane بە دەوری ڤایرۆسەکەدا هەیە کە چەند جۆرە پرۆتینێکی پێوەیە، لە ناو ئەم توێکڵە پێکهاتەیەک هەیە کە پێی دەوترێ کاپسید Capsid کە وەکو کیسەیەکە بۆماوەمادده و ئەنزیمی (reverse transcriptase) ی تیا کۆبوەتەوە.

وێنەی B١-وێنەیەکی هێلکاری چۆنیەتی دروست بونی بۆماوەماددەی ڤایرۆسەکە روون دەکاتەوە بۆماوە ماددەی ڤایرۆسەکە لە چەند بۆماوە هۆیەک پێک‌هاتووە کە پێیان دەڵێن جینەکان(genes) بۆ نمونە جینی ژمارە ٢ دەستی گرتوە بە سەر دروست کردنی ئەنزیمی (reverse transcrip- tase) وجینی ژمارە ١ پرۆتینەکانی توێکڵ دروست دەکات و جینی ژمارە ٣ ئەو پرۆتینانە دروست دەکات کە بە کاپسید ناسراون.




وێنەی-٢ :- ئەوە روون دەکاتەوە کە چۆن خرۆکە سپیەکانی خوێن بەشداری دەکەن بۆ لەناو بردنی ڤایرۆسێک. خانە ئەنتی‌جین پێشکەش‌بکەرەکان(Antigen Presenting Cells) کە پێشیان دەوترێ (خانەبخۆرەکان) ئەم خانانە ڤایرۆسەکە ئەخۆن و پێشکەشی بە خانەیارمەتی دەرەکانیان دەکەن (T-helper cell). ئەمانیش دەکەونە ناردنی چەند جۆرە مادەیەک(ئیشارەت signals) بۆ ئەوەی خانە خرۆکەسپیەکانی تر ئاگاداربکات. خانەبکوژەرەکان (T-killer cell) ئەکەونە گەڕان بەدوای و لە ناو بردنی ئەو خانانەی لەشدا کەڤایرۆسەکەیان تێ‌ئاوبیانەوە.

وە ئەو خانانەی کە پێیان دەوترێ (B-(B-lymphocytes cells) دەکەونەدروست کردنی دژەتەنی تایبەت بە ڤایرۆسەخوراوەکە. جۆرە خانەیەکی تر لە خرۆکەسپیەکان کە پێیان دەوترێ خانە ڕێکخەرەکان(T-suppressor cells) ئەم خانانە ئیشیان ئەوەیە کە چالاکی خرۆکە سپیەکانی تر کەم بکەنەوە چونکە وەکو وتمان دوای ئەوەی کە خانە یارمەتی دەرەکان دەکەونە ناردنی ئیشارەت بۆ هاندان و ئاگادار کردنی خرۆکە سپیەکانی تر ئەوا بە هۆی ئەمەوە چالاکی هەموو خرۆکە سپیەکان بەرز دەبێتەوە، جا لەبەر ئەوە بە ئەم خانانە واتە (خانە ڕێکخەرەکانن) کە دەست دەگرن بە سەر خرۆکەسپیەکانی‌تردا و ناهێڵن زیاد لە پێویست کار بکەن و بەم شێوەیە ئیشی خرۆکە سپیەکانی تر ڕێک دەخەن.

ئەنزیمەکان دژەتەنیش هەر لە پرۆتین پێک هاتون Com-plex globular protein هەروەکو وتمان دژەتەنەکان زۆرتایبەتن highly specific ، ئەم تایبەتێتیە لە سەر بنچینەی یەککگرتنیان بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی لەگەڵ مۆلیکیولی تردا پێک‌هاتوە. ئەو مۆلیکیولەی کە دژە تەن لەگەڵیا یەک دەگرێ یان کە لیمفۆسایت دەیناسێتەوە پێی دەوترێ ئەنتی جین Antigen لە ڕاستیدا هەموو پرۆتینێک و هەندێ چەوری Lipid و شەکرەکان polysaccharides ئەتوانن وەکو ئەنتی‌جین کار بکەن. خانەیەکی تەنیای وەکو بەکتریایەک لە وانەیە ژمارەیەک لە ئەنتی جینی هەڵگرتبێ کە هەریەکەی ئەتوانێ تەحفیزی دژەتەنێکی تایبەت بەخۆی بکات. دژەتەن دەتوانێ بەسێ شێوە کار بکات دژی ئەو تەنانەی کە هێرش دەکەنە سەر لەش:

١- ئەتوانێ بە شێوەیەکی وا تەنە بێگانەکە داپۆشێ کە خانە قەپگرەکان بتوانن بە ئاسانی بیان خۆن.

٢- بەشێوەیەکی وا یەک‌دەگرن لەگەڵ تەنە بێگانەکەدا کە کار




وێنەی ٣ :
شێوەی پێک‌هاتن و دروست بوونی دژەتەن (antikropp) .
دژەتەن دەتوانێ تەنی بێگانە (بۆ نمونە ڤایرۆس) بناسێتەوە و پەلاماری بدات و لەناوی بەرێت. دژەتەن لەچوار زنجیرەی پرۆتینی پێک هاتوە.
دوانیان پێیان دەوترێ زنجیرەی سووک(light chain) کە لە یەک دەچن. بە دوانەکەی تریش دەوترێ زنجیرەی قورس (heavy chain) کە ئەوانیش هەر وەکو یەکن. هەروەها چوار زنجیرەکە بە هۆی بۆندی گۆگردیەوە (disulphide bond ) یەکەوە بەستراون. هەریەکە لە زنجیرە پرۆتینیەکان بەشێکیان هەیە کە پێی دەوترێ بەشی خۆگۆڕ (بەشە سپیەکان لە وێنە٣) variable part، دژەتەن بە هۆی ئەم بەشە خۆگۆڕانەوە دەتوانێ پەلاماری ئەنتی جینەکان بدات و پێیانەوە بنووسێ. بەشی خۆگۆڕی هیچ دژەتەنێک لەوەی تر ناچێت هەر بۆیەش بەم ناوەوە ناونراون.

www.arsivakurdi.org

# میکانیزمی تووشبوونی نەخۆشی ئەیدز

ئامادەکردنی: ئومێد سالح رەسول

## بەشی یەکەم

تێکوشانی مرۆڤ دژی بونەوەرە ناخانەیی‌یەکان (microorganism) [ ئە و بونە وە رانەی کە لە شیان لە یە ک خانە پێک هاتووە] و مشەخۆرەکان (parasites) هێندەی مێژوی مرۆڤ کۆنە، لە ڕێی گۆڕانی شێوەی ژیان و باش بونی توانای بەرگری لەشەوە فێربوین کەچۆن هەڵس وکەوت بکەین لەگەڵ ئەم جۆرە بونەوەرانەدا. لە ڕێی توانای سروشتی‌لەشمانەوە یان لە ڕێی خواردنی داو دەرمانەوە لە زۆربەی زۆری نەخۆشی چاک ئەبینەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە تەنها لەباری زۆر دەگمەن و تایبەتیدا نەبێت ئەو بونەوەرانە ناتوانن ببنە هۆی بلاوبونەوەی نەخۆشی درم (epidemi) و بەرفراوان بونی بە شێوەیەکی ترسناک. لەدوای ساڵەکانی ٧٠ کانەوە ڤایرۆسێکی تازە دەرکەوتوە، ڤایرۆسێک کەهێرش دەکاتە سەر سیستەمی بەرگری لە شمان (immunsystem) دەبێتە هۆی توشبونی نەخۆشی ئە یدز. ناوی ئەم نەخۆشیە واتە ئە یدز لە ئینگلیزیەوە هاتوە(Acquried Im-mun Deficiency Syndrom) کە(بێ‌هێزیو کەمو کورتی سیستەمی بەرگری لەش) ئەگرێتەوە.

بۆ یەکەم جار ئەم نەخۆشیە لە ناو هۆمۆسێکسوێلەکاندا homosexu-(al) بلاو بوزە بەلام پاش ماوەیەک ڕوون بوزە کەئەم نەخۆشیە نەک تەنها لەناو ئەواندا بەڵکو هەموو خەڵکی تریشدا بلاو ئەبێتەوە. هەر لە سەرەتاوە زانرا کە ڕێگەی بلاوبونەوەی ئەو ڤایرۆسەیە کە نەخۆشی هەڵئاوسانی جگەر(التهاب الكبد) (hepatit B-virus) توش ئەکات چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بلاو بونەوەکە لەڕێگەی خوێن‌و پەیوەندی سەکسیەوە ڕوو ئەدات. بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر ڕوون بێتەوە و تێگەیشتنی ئاسانتر بێت، با تۆزێ باسی ئەو میکانیزمانە بکەین کە لەش بەکاری ئەهێنێ لەکاتی بەرگری کردن دژی ئەو تەنە بێگانانەی(جا ئایا بە کتریایەک بێت یان ڤایرۆسێک یان هەر تەنێکی تر) کە دەچنە ناو لەشمانەوە.

### میکانیزمی بەرگری لەش Defens mechanism.

پێست یەکەم خەتی بەرگری لەشەو بەربەستێکە کە شانەکانی ناوەوەی لەش لە کاریگەری میکانیکیو کیمیاوی دەپارێزێت و نایەڵێت بەکتریاو جۆرە زیندەوەرەکانی تری لێوە بچێتە ژورێ، ئەگەر هاتو تەنێکی بێگانە توانی بچێتە ناو لەشەوە ( جا ئایا لە ڕێی برینێکەوەبێت لە پێستا یان لەهەر ڕێگەیەکی ترەوە بێت) ئەوا ئەم زیندەوەرە لەلایەن خەتی دووهەمی میکانیزمی بەرگری لەشەوە بەربەستی لێ دەکرێ کەپێک هاتوە لەو چالاکیانەی کە لە لایەن خانەکانی خوێن و لیمفەکانەوە ئەکرێن. خڕۆکەسپیەکان بەرەو ئەم شوێنە برینداره دەکشێن، کۆ دەبنەوە لەو جێگایەدا. خڕۆکەسپیەدەنکدارەکان (neutrophils) یەکەم خانەن کە دەگەنە ئەم شوێنە، ئەم خانانە بەهۆی گەندە پێیەکانیانەوە دەتوانن بجولێنەوە (هەروەک‌و لەئەمیبادا) وتوانای ماشینەوەی بەکتریاو تەنی بێگانەی تریان هەیە هەر لەبەر ئەوەشە پێیان دەوترێ خانە قەپگرەکان (phagocytic cells). ئەم خانانە ئەنزیمیان تیایە کە دەبنە هۆی هەرس کردنی تەنە ماشراوەکان دوای ئەم خانانە جۆرە خانەیەکی تر کۆ دەبنەوە کە پێیان دەوترێ لیمفەخڕۆکەسپیەکان (لیمفۆسایت)lymphocyte دوای خوێن مەین دروست دەبێت لە شوێنی برینەکەدا دەرگای برینەکە دەگرێت هەروەها لەوانەیە کێم(جەراعەت) دروست ببێ و لە هەمان کاتدا پلەی گەرمی دەوروبەری برینەکە بەرزدەبێتەوە ئەمانە هەمووی دەوروبەرو حاڵەتێکی وا دروست دەکەن کە لە بەرژەوەندی ئەم میکرۆبانە نین کە چونەتە لەشەوە و ناتوانن زۆرببن . ئەگەر ئەو هەنگاوانەی تا ئێستا باسمان کرد نەیانتوانی ببنە هۆی زاڵ بوون بە سەر ئەو تەنە بێگانانەی کە چونەتە لەشەوە ئەوا خەتی سێیەمی بەرگری لەش ئەکەوێتە کار وێنەی(٢). ئەم بەرگریە جیاوازە لە خەتی بەرگریەکانی تر بەوەی کە زۆر تایبەتیە،(highly Specific)واتە ئەتوانێ بەشێوەیەکی تایبەتی تەنها بەکتریایەک یان ڤایرۆسێک، کە چۆتەناو لەشەوە بناسێتەوە لەناو بردنی. زۆرجار کە مرۆڤێک توشی نەخۆشی ئەبێ جا ئایا بەهۆی بەکتریایەکەوە یان ڤایرۆسێکەوە یان بوونەوەرێکی ترەوە ئەگەر هاتوو دوای چاک‌بونەوەی توشی هەمان بەکتریا یان ڤایرۆس بێتەوە ئەوا لەش ئەتوانێ بەرگری نەخۆشیەکە بکات و زاڵ ببێ بە سەریدا. بەم شێوەیە نەخۆشیەکە دەرناکەوێت لەو مرۆڤەدا نمونەش بۆ ئەم جۆرە نەخۆشیانە زۆرە وەک سورێژە (ألحصبە) measles، ملەخڕێ mumps و ئاولە Chicken-Pox . ئەم پارێزگاریە دژی تووش بونەوە بەم نەخۆشیە ناوبراوانە بۆ جاری دووەم بەهۆی دروست بونی جۆرە پرۆتینێکەوەیە globuler protein کە پێی ئەوترێ دژەتەن، دژەلەش، ئەنتی بۆدی antibody وێنەی (٣). ئەم دیاردەیە پێی دەوترێ Immune response هەروەکو

بە تایبەتی کە سەرمایەداری لەوێ هیچ ڕەگ و ریشەیەکی نەماوە و خەڵک بە گشتی بۆ «دنیایەکی» تر دروستکراون!

ئەورووپای ڕۆژئاوا لە ساڵی ١٩٩٢دا دەبێت بەیەک وڵات- یان بە یەکێتیی چەند وڵات لە بازارێکی هاوبەشیدا کە ناوی لێنراوە «وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەورووپا»... ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە بێ سەرمایە و بازار دەبن بە مۆڵگەی دەستی کاری هەرزان بۆ ڕۆژئاوا و ئەویش ئەگەر ڕۆژئاوا مرۆڤی ڕۆژهەڵات پەسند بکات... لە هەمووی دژوارتر ئەوەیە کە ئەمریکا و ئەورووپا چۆن بۆر بۆرینی خۆیان دەکەن لەگەڵ شوورەویدا کە چەکی ئەتۆمی هەیەو بە چی مەترسی جەنگی ئەتۆمی لەناو دەبەن یا ئەمریکا ئەورووپا لەناو خۆیاندا چۆن پێشکەوتن دەکەن لەسەر زۆرتر بازارو زۆرتر دەستکەوت و دەسەڵات لەجیهاندا؟ ئایا ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەدەست ئەورووپاوە چی بە سەردێت؟

بێگومان کێشەی نەتەوایەتی و نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە نیوە دوورگەی بەلکانیش و لە هیندوستان و لە شوورەویش و لە جێگای‌تریش دەبێتە هۆی گەلێک گیروگرفت بۆ ئەو ناوچانە و بۆ جیهان، هەتا داین دەکرین و بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ گیانی دیموکراتی جیهانی نوێدا، کە لەوانەیە لەمەولا ئەندامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان گەلێک زۆرتر بن لەجاران. واتە ئەمجارە زۆر نەتەوەی‌تری جیهان دەوڵەتی خۆیان دەبێت. بە تایبەتی کە پێکەوە ژیانی نەتەوەکان- بە زۆر- پرۆڤە کراو چ لە سەرمایەداری‌دا و چ لە سۆسیالیزمدا و تەنها ئەنجام ئەوە بوو کە: (گەورە بچووکی لە خۆی‌دا تواندەوە) و هیچی‌تر...... ئەم هەنگاوەش بۆ گەلێک وڵاتی وەکو کوردستان ڕێکەوتێکی زۆر ڕێککەوتە!

بەمجۆرە دەبینین کە ڕەوڕەوەی مێژوو چۆن هاتووە و چۆن دەڕوات: چ دنیایەکی سەیرە! کاتێک کە موسوڵمانەکان لە سەدە ناوەنجیەکاندا خاکرووی ئەورووپایان داگیرکرد، ئەورووپا لە دووا کەوتن و بەربەریەت‌دا دەژیان. بەڵام بە پێنج سەدە ئەوەتا ئەورووپا بوو بە ناوەندی شارستانیەتی نوێی هەموو جیهان...... تەنها بە پێنج سەدە ئەورووپا بووژایەوە - ڕینێسانس شۆرشی بازرگانی‌و کولتووری دروست کرد. ئەوانەش شۆرشی پیشەسازییان دروست کرد و لە دوای خۆیان شۆرشی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و سروشت و چارەنووسی گەلانیان هێنایە کایەوە. ئەمانە هەموو بەڵگەی پێشکەوتنخوازین، بەڵام چەوساندنەوەی ئاسیاو ئەفریقا و ئەمریکای لاتین و جەنگ و چەکداری و چەکی کیمیایی و بیۆلۆژی و ئەتۆمی و...... هتد. پیسکردنی سروشت لە گوناهە گەورەکانی ئەورووپان...... زۆر جێگای سەرنجە کە لە ئاسیادا بە درێژایی پێنج هەزار ساڵ شارستانیەت هەبووە، بەڵام هەرگیز مرۆڤایەتی و تۆیی زەمین و سروشت و گەردوون وەکو ئەمڕۆ لە مەترسیدا نەبوون -ئەمەش دیوە ناشیرینەکەی ئەورووپا کە لێرەدا دەتوانین بەرامبەر بە چارەنووسی هەموو سروشت و مرۆڤایەتی بەرپرسیاری بکەین...... بەتەنیا خۆشکردنی ئەورووپا و کاولکردنی هەموو جیهانی سێهەم کارێکی هەڵە و دژوارە تەنانەت بۆ داهاتووی ئەورووپا خۆشی... پێویستە ئیدیاڵەکانی ئەورووپا بۆ هەموو مرۆڤایەتی بێت، چونکە گەنجینە شارستانیەتی ئەورووپای نوێ لە گەنجینەی گشت مرۆڤایەتیەوە هاتووە و دەبێت چاکە و سوودەکەی بۆ هەمولایەکی جیهان بگەڕێتەوە!

**ئەو ئەورووپایەی ئەمڕۆ ئەنجامی پاڵەوانێتی میر و زانا و هونەرمەند و بازرگان و گەرۆکەکانی ئیتالیای سەردەمی ڕینسانسە. سوپاس بۆ بلیمەتی و کارامەیی و لێهاتوویی ئیتالیای ئەو سەردەمە و لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوان نەبوونایە لەوانەبوو ئەمڕۆ چارەنووسی ئەورووپا جۆرێکی تر بوایە!**

ئەمڕۆ بە هۆی شارستانیەتی «نوێی» ئەورووپاوە گەلێک زمان و کولتوور و شارستانیەت لەژێر مەترسی لەناوچووندان و زۆر میللەت تەنانەت زمانی خۆشیان لەبیرچۆتەوە و بەتایبەتی لە جیهانی سێهەمدا. ئەوەش خۆی لە خۆیدا زیانە بۆگشت مرۆڤایەتی... لەسەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانە هەروەکو گوتمان ئەورووپا بەرپرسیارە بەرامبەر بە داهاتوو، لەبەر ئەوە بێوچان دەبێت گەلانی چەوساوە- ڕۆژانە- هاوار لە ئەورووپا بکەن- هاوار- کە پتر دەوڵەمەندی خاکەکانیان بۆخۆیان بێت. ئازادبن، مافی چارەنووس بەدەست خۆیانەوە بێت... بۆ نموونە: پێویستە فرۆشتنی نەوتی کەرکووک و کرماشان پارەکەی بۆ خەڵکی کوردستان بێت و ئەوان دەسکەوتەکەی بۆ سوودی وڵاتەکەی خۆیان بەکاربهێنن و نەک بۆ ئێران و ئێراق بێت و کورد بە هەژاری و برسێتی بێنێتەوە... پێویستە کوردستان ساڵانەی ئاوی دیجلە و فورات لە ئێراق و سوریا وەرگرێت و نەک دەوڵەتی تورکیا، چونکە ئەوە دەوڵەمەندی خاکی کوردستانە و نەک هی تورکیا... بە گشتی پێویستە چارەنووسی کوردستان بەدەست کورد خۆیەوە بێت و ئەمەش هەڵەی ئەورووپا بوو کە لە ساڵی ١٩٢٣دا کوردستانی ئاوا دابەش و داگیرکرد دژ بەویستی نەتەوەی کورد خۆی... پتر ئەورووپا دەبێت دان بە هەڵەکانی خۆیدا بنێت و بیکاتە یاسایەک لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە ئیتر لەمەولا- بەڕاستی- دەوڵەمەندی هەموو وڵاتێک بۆ گەلەکەی خۆیەتی و هەموو گەل و وڵاتێک مافی ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستی هەیە- پرینسیپەکانی دیموکراتی و مرۆڤایەتی ئەورووپا لە کوێ و ئەم چەوساندنەوەی کوردستان لە کوێ؟

بێگومان داهاتوو لە بەرژەوەندی گەلانی چەوساوەیە و بە تایبەتی کە بلیمەتی بیروباوەڕی ئەورووپا هەمیشە باوەڕی بە ڕەخنە لە خۆگرتن و گۆڕان هەیە بەرەو چاکتر و شیاوتر، هەروەکو بەشێک لە ڕژێمی سەرمایەداری دەستکردی ئەورووپا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەتوانن داوای مافی چارەنووسی خۆیان بکەن و بەبێ کۆڵدان و هەتا دەگەنە ئامانج، ڕاستیەکی مێژوویی هەیە کە مافی ئازادی کوردستانی ئەمڕۆ نەبەدەست ئێراقەوە و نەبەدەست تورکیایە و نەبەدەست ئێران و سوریایە، بەڵکو ڕاستەوخۆ وا بەدەست ئەورووپاوە و دەبێت لەوێوە دەست پێبکەین و بە هەموو جۆرێکی کە ڕێبازی دیموکراتیانەی خەباتی ئەورووپا ڕێگای بۆ کردۆتەوە: لەوانە خۆپیشاندان و ڕاگەیاندن و چوون بۆ پەرلەمانەکان!

www.arsivakurdi.org

بیروباوەڕی زۆر پەسەند لەسەر زۆرکردنی بازرگانی و بەرفراوانی داوە بەدەستەوە و بەلای ئەوەوە بوونی نەتەوایەتی بەبوونی بازرگانییەوە سەرفراز دەبێت و بێ بازرگانی نەتەوە نییە و لەبەر ئەوە دەبێ هەموو نەتەوە هانی ئەوە بدرێن کە بە ئازادی بازرگانی بکەن و لە هیچ شوێنێک سنووریان بۆ دانەنرێت و گومرگیان نەخرێتە سەر بۆ ئەوەی بتوانن شتەکانیان بە هەرزانتر بفرۆشن و زووتر هاتووچۆی بازرگانی بکەن و زووتر سەرمایەی نەتەوایەتی دروست بکرێت و بەسەرمایەوە نەتەوەیەک هەمیشە دەتوانێت ئازادی خۆی پارێزراوکات و لەگشت کات و شوێنێکدا! بەڵێ بە یارمەتی سەرمایەدار و دانیشگاکانی بەریتانیاوە گەلێک مەکینە و ئالەت و ڕێبازی نوێی بازرگانی بۆ نەتەوەی بەریتانیا دۆزرانەوە و لەسەر دەستی زانای وەکو «جێمس وات» و گەلێکی تر ژیان و ئابووری بەریتانیا کەوتە هەرەتی خۆیەوە. ئەوەش بوو چۆنایەتیەکی نوێ لە ڕژێمی بەرهەمهێنانی ئابووری هەموو بەریتانیا و جیهاندا و مرۆڤایەتی کەوتە سەردەمی مەکینەسازی و کۆمەڵی نوێی سەرمایەداری پیشەسازی.

بێگومان بەپێی زۆر نووسەری ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمانەی وەکو «کارل مارکس و فردریک ئەنگلس و......هتد» ژیانی خەڵکی لەسەرەتادا زۆر ناخۆش بووە و بە تایبەتی باری کارگەران کە هەموو جوتیار بوون و بە زۆر خرابوونە بەر کۆیلایەتی مەکینەوە و فێری کاری «کاتژمێر» و دیسپلینی بەرهەم و تەمومژ و دوکەڵی مەکینە نەبوو بوون.. بێگومان سەرمایەدارەکانیش لەو بارانەوە هیچ بەزەیی و شەرمێکیان نەبووە و بە هەموو جۆرێک دەسکەوت و پتر بەرهەمهێنان و دەسکەوت مەبەستیان بووە، بەڵام هەموو سەرەتایەک وا سەختە و لەبەر ئەوە درەنگتر و بە خەباتی زانایان و نووسەران و چینی کارگەر خۆی ژیان و مافیان پارێزراوتر بووە، زانست و هونەر و وێژە و یاسا و......هتد. پێشکەوتووتربوون و هەتا هاتووە پیشەسازی ئاسن و مەکینەکاری پەرەی سەندووە و پتر بەریتانیا مەکینەی بە هەموو لایەک فرۆشتووە و هەموو ڕێگاکانی جیهان بەرەو ئەوێ چوون و لەوێوە چوونەتە دەرەوە.

بەریتانیا خۆی خەلوزی بەردین و ئاسنی هەبووە، بەڵام هێشتا هەر پێویستی بە سەرچاوەی خامی تر هەبوو، بە تایبەتی لۆکە و خوری و دار و ...... هتد. لەبەرئەوە دەستی کردووە بە داگیرکردنی وڵاتانی تریش و لەوێ بێجگە لە لۆکە و خوری و دار و زێر و مس و زیو و بەرهەمی ئەرکیۆلۆجی و شارستانی دێرین و «پترۆل» دەستی کاری هەرزانیشی دۆزیوەتەوە و هەروەکو دەڵێن: لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا بەریتانیا بوو بە «براگەورە» و بە «دوکان»ی هەموو جیهان. بەم پێیە شۆڕشی بازرگانی و کولتووری ڕێنسانسی ئیتالیا شۆڕشی پیشەسازی دروستکرد و ئەورووپا لە کیشوەرێکی دواکەوتووی سەدە ناوەنجیەکانی سەردەمی «شارلمانەوە» بوو بە کیشوەرێکی ئیمپریالی. دۆزینەوەی ئەمریکا و ئوسترالیا ئەنجامی ئەو بزوانەوەیە بوون و پتر لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە هەموو دنیا کەوتە دەستی ئەورووپاوە و بۆ هەتا هەتایە جیهانی کۆن ڕۆشت و جیهانی «نوێ» هاتە کایەوە.

بەپێی بەڵگەی ڕابردووی مێژووی ئەورووپا هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ بەریتانیا بوو بە ناوچەیەکی ستراتیژی بۆ پاراستنی بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی و سیاسی ئیمپراتۆریەتەکەی لە هەموو جیهاندا. بە تایبەتی وەک پردێکی سێ سووچ کە ئاسیا و ئەورووپا و ئەفریقای پێکەوە دەبەستەوە، بێجگە لەڕێگای هندستان و کەناڵی سوێس و...... هتد، پتر لەوەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەمەندی هەموو جیهانی دێرین و سەدە ناووەنجیەکان کۆبوو بووەوە و، لە هەمووی بەهێزتر دۆزینەوەی نەوتێکی زۆر بوو لەو ناوچەیەدا کە گرنگترین گەنجینە بوو بۆ بەهێزبوونی ڕەوتی پیشەسازی گەورە. دەربارەی ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەتوانین بڵێین کە لە دوای ڕۆخاندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیەوە هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە و هەمیشە لەچاو ڕۆژئاوادا لە دواوەبوون: ڕوسیا وڵاتێکی عەسکەری بووە و بە تالانی پۆلۆنیا و سوێد و فنلەندە و دەوڵەتی عوسمانی و ئێران و......هتد ژیاوە. وڵاتەکانی بەڵکانیش هەمیشە لەجەنگدا بوون لەگەڵ یەکتریدا و پاشانیش هەتا سەردەمی نوێ لەژێردەستی دەوڵەتی عوسمانلیدا بوون. بەڵام ئەوە هەیە کە قەیسەرەکانی ڕوس لە دوای پێتەری گەورەوە حەزیان بە شارستانیەت دروستکردن کردووە و بە پارەی زۆر وەستایان لە ئیتالیا و فەرەنساوە هێناوە کە کۆشک و تەلاری جوانیان بۆ دروست بکەن. هەروەها نووسەرانی مەزنی وەکو «دستۆفیسکی» زۆر کاریان کردۆتە سەر هەستی نەتەوایەتی ڕوس و نەتەوە سلاڤیەکانی تر، بەڵام بەهۆی نەبوونی بنکەیەکی بازرگانی و پیشەسازی بەهێزەوە لەگەڵ هێزی ڕۆژئاوادا بەرە بەرەنیان پێ نەکراوە و ئەوان هەمیشە هێزیان بۆ لەشکرسازی تەرخان کردووە و کەمتر بۆ ئابووری و پیشەسازی. بەم جۆرە و هەتا شۆڕشی سۆسیالیستی ساڵی ١٩١٧ کە ئەویش تەجروبەیەکی نوێ بوو لە مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی دا دەربارەی ئەوەی کە ئایا کرێکار و جووتیاریش دەتوانن شارستانیەت دروست بکەن.

بێگومان دوای جەنگی جیهانی دووهەم ئەورووپای ڕۆژهەلاتیش هەمووی کەوتە دەستی ڕوسیای شوورەوییەوە و لەوێش: لە ڕۆمانیا و بولگاریا و ئەلبانیا و هەنگاریا و...... هتد، پرۆڤەی ڕژێمی سۆسیالیستیان کرد و پاش نزیکەی نیوسەدە لەم دوو ساڵەی دواییەدا وازیان لێهێنا و ئەوا جارێکی تر بەرەو سەرمایەداری هاتوونەتەوە، بەڵام بە هۆی نەبوونی سەرمایەی نەتەوایەتییەوە، بەبێ چەند و چوون دەبن بە بازاری دەستی کاری هەرزان بۆ ڕۆژئاوا و هەروەکو «هۆنکۆنگ»، ئەبێ لەسفرەوە دەست پێ بکەنەوە و لەوێدا تەنگ و چەڵەمە و هەڵپەی ژیان دەست پێدەکات و بە ملیۆنەها خەڵک ژیانیان دەکەوێتە بەر مەترسی نەبوونی و هەژاری و دواکەوتنەوە و

> ئەمڕۆ بە هۆی شارستانیەتی «نوێی» ئەورووپاوە گەلێک زمان و کولتوور و شارستانیەت لەژێر مەترسی لەناوچووندان و زۆر میللەت تەنانەت زمانی خۆشیان لەبیرچۆتەوە و بەتایبەتی لە جیهانی سێهەمدا.
>
> ئەوەش خۆی لە خۆیدا زیانە بۆگشت مرۆڤایەتی...



www.arsivakurdi.org

### ⊕ جیهانی نوێ:

# بە تەنیا ئەورووپا یان هەموو جیهان؟!

نووسینی: ج. کوردۆ

ئەورووپا ناوی ئەو کیشوەرەیە کە ناوەندی بازرگانی و شارستانیەتی نوێی جیهانی ئەمڕۆیە. «ئەورووپا» ناوێکە کە کاتی خۆی، لە جیهانی کۆندا ئاشوورییەکان بەسەریاندا دابڕیوە واتا: کیشوەری تەم و تاریکی... ئەم کیشوەرە بریتییە لە مافورێکی ڕەنگاوڕەنگی کولتوور و زمان و فەرهەنگی جیاواز، ئایین و شارستانیەت و کولتوور بەگشتی لە کیشوەری ئاسیاوە کۆچیان بۆ کردووە: لە جیهانی کۆندا لە رێگای یۆنان و ڕۆمای دێرینەوە، لەسەدە ناوڤجیەکاندا لە رێگای ئیسپانیاوە.

ئەورووپا لە جیهانی کۆندا- بە تایبەتی لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و ڕۆمانیدا- زۆر ڕۆشنایی داوە بە شارستانیەتی مرۆڤایەتی و لەهەموو مەیدانەکانی هونەر و وێژە و شارەوانی و زانست و بازرگانی و خانووبەرەدا، بەڵام بێگومان لە سنووری دەریای سپی ناوەڕاستدا- ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای- پتر دوای ڕۆخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و هاتنی ئاینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، ئەورووپا دواکەوت و چووە سەردەمێکی زۆر تاریک و دواکەوتووەوە، کە بە سەردەمە تاریکەکانی بەناوبانگە، و هەتا سەدەی چواردەمینی زاینی- بازرگانی ئیتالیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی دەوڵەمەندی ئەو سەردەمەی جیهاندا، هێرشی خاچ هەڵگرەکان بۆسەر ئەو ناوچەیە لەژێر دێوجامەی ئایینی- ئابووریدا، گەشت و گوزارنامەی دەیان گەڕۆکی وەکو «مارکۆ پۆلۆ» بە ڕۆژهەڵاتدا، هەموو پێکەوە ئەورووپایان ساکان و ڕۆژهەڵات بوو بە (مۆدێل) و ئامانج. بێجگە لەمانە لە رێگای ئیسپانیاوە موسڵمانەکان کولتوور و شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتیان لە ئەورووپا نزیک کردەوە. ئیسپانیا بوو بە دەرگای ئەو شارستانیەتە و لە ئەنجامی خەست بوونەوەی هەموو جەمسەرەکانی دا «ڕێنسانس» بوژاندنەوەی ئەورووپا لە ئیتالیا دروست بوو- میرنشینەکانی وەکو فلۆرەنسا و پیزە و ڤینیسیا و......هتد بوون بە مەڵبەندی بازرگانی ڕۆژانە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا و بازرگانی بێجگە لە کەلوپەل زانست و هونەری ڕۆژهەڵاتیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا و پتر خێزانی میرەکانی ئیتالیا لە هەمان کاتدا گەورەترین بازرگان خۆیان بوون و باوکی زانست و هونەر بڵاوکردنەوەش بوون - زانایان دەستیان کرد بە وەرگێرانی کتێبی پزیشکی و کیمیایی و نەباتی و وێژەیی و زانستی تر بۆ سەر زمانی ئیتالی، لەوانە بەرهەمەکانی «ابن سینا» و «ابن الرازی» و «هەزار و یەک شەو» و...... هتد و بە هۆی ئەو وەرگێرانانەوە جارێکی تر فەلسەفە و زانستی یۆنان هاتەوە کایە و بە تایبەتی کە لە ئەورووپا هەمووی لە مێژبوو فەوتابوو، بەڵام بەهۆی زمانی عەرەبییەوە موسڵمانەکان هەر هەموویان پاراست بوو- ئەمەش بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی گەورە لە هونەر و وێژەدا و خەوبینین بە ڕابوردووی دێرین و پڕ شکۆی یۆنان و ڕۆماوە. جارێکی تر هەستی نەتەوایەتی بوژایەوە و بە دەیان بلیمەت و زانا و فەیلەسوف هاتنە کایەوە و پێی بە پێی ڕاپەڕینی بازرگانی و شارستانی، کولتووریش ڕاپەڕینی گەورەی بە خۆیەوە بینی. بەڵێ ئەنجامی ڕینسانسی ئیتالیا ڕێنانسی هەموو ئەورووپای دروست کرد و بە هەزاران ئەندازیار و زانا و گەورەپیاوی مرۆڤایەتی دەستیان کرد بە سازکردنەوەی ئەم کیشوەرە و هەر لەسەر مۆدێلی دێرینی یۆنان و ڕۆما- پڕ لە شار و بازار و مەکتەب و گۆڕەپان و بازرگانی و هونەر و وێژە و زانست و بزوتنەوەی ژیان و لەبەرامبەر ناوی «ابن سینا» و «فیردەوسی» ڕۆژهەڵاتدا گەلێک ناوی وەکو «لیۆناردۆ دافینشی» و «تۆمائەکوینی» هاتنە کایەوە... بەم جۆرە چاو بڕینی بەردەوام لە ڕۆژهەڵات ئەو هێزە شارستانی و ئابوورییەی بۆ ئەورووپا دروست کرد، ئەو ئەورووپایەی ئەمڕۆ ئەنجامی پاڵەوانێتی میر و زانا و هونەرمەند و بازرگان و گەڕۆکەکانی ئیتالیا سەردەمی ڕێنسانسە. سوپاس بۆ بلیمەتی و کارامەیی و لێهاتوویی ئیتالیای ئەو سەردەمە و لە ڕاستیدا ئەگەر ئەوان نەبوونایە لەوانەبوو ئەمڕۆ چارەنووسی ئەورووپا جۆرێکی تر بوایە! لەبەر ئەوە بە گشتی هەموو ئەورووپا لە هەموو شتێکی شارستانیدا قەرزاری ئیتالیای سەردەمی دێرین و سەردەمی ڕێنسانسن... بەڵێ ئەورووپای ئەمڕۆ ئەنجامی ڕێنسانسی ئیتالیایە کە پێنج سەدە لەمەوبەر ڕەگ و ریشەی خۆی چەسپاند و بوو بە ڕاستییەکی ئابووریی و مێژوویی و کولتووری، بەو پێیەش زۆر ئەنجامی گەورە کەوتنەوە و لە هەموویان گەورەتر: لە نێوان سەدەی هەژدە و نۆزدەدا شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیادا دروست بوو، خەڵوزی بەردین بوو بە سووتەمەنی مەکینە و کارگە و پاپۆر و...هتد.

بەم جۆرە پیشەسازی شۆڕشێکی تیادا دروست بوو، چونکە سووتەمەنی خەڵوز بۆ ئەو کاتە کە هێشتا «پترۆل» نەدۆزرابووەوە بازێکی زۆر مەزن بوو لە بەهێزکردن و فراوانترکردنی ڕەوتی بەرهەمهێناندا. هەروەها بە دەیان مەکینەی میکانیکی بۆ جوڵایی و هاتوچۆ و بەرهەمهێنانی تر دروست کرا.

پتر لە ڕێگای بیروباوەڕی زانستی دەیان زانای وەکو «ئادەم سمیت» کە مامۆستایەکی ئابووری خەڵکی سکۆتلەندە بوو و کتێبێکی بەناوبانگی لەسەر «سەروەتی نەتەوەکان» بڵاوکردەوە و تیایا ستایشی بازرگانی نەتەوایەتی و جۆرەکانی دەکات و

www.arsivakurdi.org

نیزامی پشکنین و پەلاماردانی بیروباوەڕ.

ڕێگای شەرعیشیان بە گوێرەی ئەم ئایەتەی قورعان «ولا تلقو بایدیکم الی التهلکة» بۆ دۆزیوەتەوە «بەدەستی خۆتان خۆ دەهیلاکی ماوین». بەڵام ئەم ئەسڵە لە ڕۆژگاری نوێدا، وردە وردە، بە تایبەت لەو کاتەوە کە بڵاوکردنەوەی ڕێکوپێکی چاپەمەنی لە ئێراندا کەوتەسەر شێوەی ڕۆژئاوا، لە قاڵب و پینەکردنی خۆی هاتەدەر و بوو بە وەسیلەیەک بۆ پاکردنی حیسابی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵک و چەپاندن و بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە درۆ و بوختان و جنێوفرۆشی.

هەروەک دەزانن ئەسڵی تەقیە و شاردنەوەش وردە وردە بوو بە ترس و ڕاکردن لە مەیدانی خەبات و بوو بە ڕیاکاری و عەوام فریوی، بە قەولی عوبیدی زاکانی بوو بە ئایینی موختاری زەمان.

بە کورتی ئێستا بە سەرنجدانی ئەم ئاگرپژانە مەزنەی کە دنیای سیاسەت و سیاسەتی جیهانی داگرتوە، زەمانە، سەردەمی ڕوکاری والاو ناونیشانی ڕاستەقینەیە.

گشت نموونەکانی مەسلەکی و ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کەوتوونەتە قەیرانی گەندەڵی و بێ ئیعتباری. کۆمەڵی ئێمە لە مێژە لەژێر چۆماخی سەرەڕۆیی و هەوسارپساویدا، بۆتە فەرهەنگی ترس و شاردنەوە و درۆ و ڕیایی. ئەم فەرهەنگەی ترس و مەکر و حیلە، هەر خاوەن قەڵەمێکی کە بە ناونیشانی ڕاستەقینە ڕاستی دەربڕێ، دەیخاتە بەر لافاوی تۆمەت و بوختان و جنێو. بەم چەکە بیر و شعوری کۆمەڵایەتی خەڵک دەخاتە گومان و ناباوەری و لەبیر و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەگێڕێتەوە.

من لام وایە ئێران تایمز ئەوەندەی بۆی دەکرێ، دەبێ ئەم مەیدانە لە ئیمزای پارێزراو و ئیمزای ساختە تەنگە بەربکا و دوکانی ئەم فەرهەنگەی فریو و ترس و ڕیاکارییە لەسەر لاپەرەکانی خۆی دابخات.

لاوم وایە لەبەر چاوگرتنی ئەسڵی بێلایەنی، نابێ ببێتە هۆکاری تەبلیغاتی بەلاش بۆ ئەو دەستە و ڕێکخراو و کەسانە کە مەعلوم نییە لە ژێر ناو و ئینتیکیتی حیزب و ڕێکخراوی، چەند ئەندامیان هەیە و ڕادەی تێکۆشان و نفوزیان لەنێوی خەڵک- لە ئێران و لە دەرەوەدا چەندەیە. یا ئەم دەستە و تاکانە لە ڕابردوو ئێستادا، چەندە پێ بەندی ئازادی و مافی مرۆڤایەتی بوون و بیروباوەڕیان چەند لەگەڵ ڕاستی مەسەلەکان هاو هەنگاوە.

من دەبینم لە ئێران تایمزدا مەیدانێکی بەربڵاو خراوەتە بەردەستی ئەم جۆرە دەستە و تاکانە لەناوەوە و لە دەرەوە کە لە ڕاستیدا بێجگە لە تریبونێکی تەبلیغاتی بە خۆرایی و هەرایەکی زۆر بۆ هیچ، سودێکی تر بە خوێنەر ناگەیێنێ.

دابێکی دزێوی ئاکاری نووسەرانی ئیمزا محفوظ و ساختە وەی ڕاستەقینەش جارویار، ئەوەیە لە نووسینێکدا کە بە ڕواڵەت باری باسێکی گشتی و جیدی هەیە، بە ئاسودەیی لە هێنانەوەی نموونە و ڕیزکردنی درۆ و بوختان بە خەڵک و ئاواژ و کردنەوەی ڕووداو و گێڕانەوەی ساختەی مەتڵەب، بێ دیاریکردنی سەرچاوە و ساڵ، خۆدەبوێرن. لە ئەنجامدا خوێنەر دەکەوێتە بەرامبەر هێندێ مەتڵەب و ئاکاری کابرای کە نووسەر مەبەستی بوە دەستی بە هیچ هۆ و بەڵگەیەکیش بۆ ڕاستی ئەم نووسراوەیە ڕاناگات. بەڵام هەرچی بێ نووسەر لە تاریکیدا تیرێکی هاویشتوە و ژاری ڕژاندۆتە نێو زەین و بیری خوێنەرەوە.

لام وایە ئەرک و بەرپرسییەتی سەرنووسەر ئەوەیە کە هەر وا بە سەر ئەم تێکەڵپێکەڵی فریودەرانە و قین لە دڵانەی خاوەن ئیمزای محفوظ و ساختە تێ نەپەرن و هەموو مەسەلەیەک بە وێژدانی نووسەر نەسپێرن. چونکە ئەگەر کەسێکی بێگوناح و بێدیفاع لە نووسراوەیەکی ئەوتۆدا بکەوێتە بەر تۆمەت و بوختان، ئەودەم ئەسڵی بێ لایەنی بڵاوکراوە عەیبدار دەبێ.

ئێستا سوننەت و دابی تۆمەت و بوختان و جنێوفرۆشی بە ئیمزای محفوظ و بە ناوی ساختە بۆتە یەکێک لە پایەی بنەرەتی فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی، لە بڵاوکراوەکانی دەرەوە، بە تایبەت لە سیستمی لایەنگرانی کۆمەڵی بێ چینی یەکگرتوو لە پەنا ئیسلامی خالیسی محمدی و دیکتاتۆری پرۆلیتاریای ستالینیدا، فەرهەنگی تۆمەت و بوختان و جنێو لە ڕادەی بێزراودا کەوتۆتە زەلکاو.

ئەگەر بڵاوکراوەی ئێران تایمز لە شیکردنەوەی مەنتیقی شوێنەواری نالەبار و سامناکی ئەو فەرهەنگەی ترس و ڕیا و تۆمەت و لارێی، هێندێ جار لە شەقامی بێلایەنی لابدا و لەم ڕێگایەدا ببێتە چرای ڕێگای تینوانی بیابانی ئینساف و جوامێری و غیرەت و پیاوەتی، بە هیچ جۆر ئەوە ناگەیەنێ کە لە بێلایەنی لایداوە.

علی اصغر حاج سید جوادی

فەرەنسا

www.arsivakurdi.org

# ئازادی، دیمۆکراسی، یانی بیٚ غیرەتی و ئاژاوەنانەوە

لەم دوابیانەندا، لەنیو رۆژنامە و چاپەمەنیە کوردییەکاندا، کە لە ئەورووپا، لە هەواومەیدانیکی ئازاد و دیموکرات و سەربەستی تەواودا بلاْودەبنەوە و کەس نییە پێشیان پیٚبگریٚ بۆتە باو هەرچی بیانەویٚ و بۆیان بنیٚرن لەژیٚر ناوی (دیموکراسی) و (ئازادی بیروڕا)دا بلاْوی دەکەنەوە. جا با سوکایەتی بیٚ بە خەلْک و یاقسەی قۆڕ و بیٚ سەروپیٚ و با شەڕە جنیوْبیٚ. سەیر و سەمەرەیی لەوە دایە نووسەری ئەم جۆرە نووسینە تەنانەت ئەگەر باسێکی ئەدەبی و کۆمەلاْیەتی و سیاسیش بنووسن، لەم هەوای ئازاد و لەم دنیای دیوکراسیدا، لە نووسین و ناساندنی خۆی خۆدەدزێتەوە و ناوێکی ساختەی کەس نەناس لە خۆ دەنیٚ.

دەمیٚک بوو پیٚوە بووم سەبارەت بەم رەوتە نائاسایی و بودەلْەیە شتێک بنووسم و باری لەبار و دزێوی ئەم کارە و هەلومەرجی نووسینی ناوی ساختە و راستەناو روونکەمەوە. تابەسەر وتاری (علی اصغر حاج سید جوادی) نووسەر و سیاسەتمەداری بەناوبانگی ئیٚرانیدا کەوتم کە لە رۆژنامەی (ئیٚران تایمز)ی ژمارە ۱۰۳۹- ۱۱ی ئۆکتۆبەری ۱۹۹۱دا لەژیٚر سەردێری «پێویستی سنوور دانان بۆ چاپکردنی نامەکانی «ئیمزاپاریٚزراو» بلاْوکراوەتەوە. نامەی ئیمزاپاریٚزراو لەگەلْ نامەی بە ئیمزا و ناوی ساختە هەربەکن و هەرتک لا لەبەر بودەلْەیی و بڕوا نەبوون بە چوون و وتە و بیروڕایان ناویٚرن ناوی خۆیان بنووسن.

پاش خویٚندنەوەی وتاری علی اصغر سید جوادی کە خاوەن نەزەرێکی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلاْیەتی ناسراوە، ئیتر پیٚم باشتر بوو وەرگیٚراوەی وتارەکەی ئەو بۆ (بەربانگی) بەریٚز بنیٚرم، بەلکو بە بلاْوکردنەوەی ئەم وتارە خوینەرانی بەریٚزی کورد لە بیروڕای نووسەرێکی بیٚگانە لەم بوارەدا شارەزابن و بۆ نووسەرانی بەریٚز و چاپەمەنیە کوردییەکانیش ببیٚتە دەرس و ئەزموونیٚک.

دەمەویٚ ئەوەش بیٚژم نووسینی ئەم نووسەرەی ئیٚرانی لە رادەبەدەر قولْ و قورس و پڕ لە وشەی عەرەبی و داتاشراوی فارسین و دوور نییە وەرگیٚرانی پڕ بە پیٚستی نەبیٚ، لەم بارەوە داوای لیٚبووردن دەکەم.

کەریمی حسامی

۱۹۹۱/۱۰/۱۷

## سەرنووسەری بەریٚزی ئیٚران تایمز:

بلاوکراوەی ئیٚران تایمز شیٚوەی بیٚلایەنی تەواوی گرتۆتەبەر. هەرچەند من خۆم لایەنگری بیٚ غەرەزی تەواوم، نەک بیٚ لایەنی، بەلاْم پیٚداگرتن لەسەر شیٚوەی بیٚ لایەنی، خۆی هۆکاری بوون و هەستی ئەمنیەتە بۆ خویٚنەر. بەتایبەت کاتیٚ کە ئەسلی سیاسەتی بیٚ لایەنی بلاْوکراوەش لەسەر بیٚ لایەنی لە وتە و پاکی قەلْەم دامەزرابیٚ. ئەمەش خۆی سەر پشکی ئیٚران تایمزە. لەسەر بنچینەی ئەم بۆچوونە، وەبیر هیٚنانەوەی چەند نوکتەیەک بیٚ فایدە نازانم:

• من لە بواری دەربرینی بیروباوەڕی کۆمەلاْیەتی و سیاسیدا بە هیچ جۆر بڕوام بە ئیمزای پاریٚزراو و ناوی ساختە نییە. واتە ئەسلی ئەم گۆتەیەم «انظر الی ماقال ولا تنظر من قال» قبوول نییە و رەگ وریشەی ئەم ئەسلْ وفایدەیە بە ترس و تەقیە و شاردنەوەی نووسەر، یا ویٚژەر دەزانم. بە داخەوە بەشیٚکی گرنگی ئیٚران تایمز بۆ ئەو کەسانە تەرخانکراوە کە لە پشت دیوار و بەدەم و چاوی داپۆشراوی ئیمزا محفوظ و ئیمزای ساختە قسەدەکەن، تەنانەت دەم بەدمە و کیٚشەی قەلْەمیٚش لەگەلْ یەک دەکەن، کە ئەوە لە دنیای رۆژنامەنووسیدا کەم ویٚنە و سەیرە. من سوننەتیٚکی ئەوتۆم لە هیچ دەسگایەکی بلاْوکردنەوەی دەنگوباس و نووسینی جیهاندا نەدیوە، مەگەر لە رژیٚمە سەرەرۆیەکاندا. بوونی هەوارێکی وا ئازاد و ئاوالْە خۆی هاندەر و پالْپیٚوەنەری ئەو کەسانەیە کە هەم لەوە دەترسن لە نووسیندا روکار و ناونیشانی خۆیان دەربخەن، هەم دەشتوانن بیٚ ئەوەی بناسریٚن هەموو پڕوپوچیٚک لە پەردەی وشەی جوان و پاراو و مەنتیقی وشتر و گا و پلنگدا، دەرخواردی خەلْک بدەن.

تەقیە و شاردنەوە لە فەرهەنگی ئایینی شیعەدا ریشەی میٚژوویی هەیە کە دەگەریٚتەوە بۆ سەردەمی دوور و دریٚژی

بەهەر شێوەیەک بووە رەچەڵەکەی کورد بگەرێنێتەوە سەر نەتەوەی خۆی و نەتەوەکانی دیکەش بە هەمان شێوە. جا تۆ بڵێی ئەم سێ نەتەوەیە هێندە کوردیان خۆشبوێت کە هەر یەکە و بۆخۆی بڵێ: کورد سەر بە نەتەوەکەی منە؟ من پێشنیار دەکەم تورک و فارس و عەرەب دانشتنێکی هاوبەش بکەن و لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە، چونکە ئەگەر کورد نەتەوەیەکی سەر بەخۆش نەبێت، ئاوا دیسان ناکرێ سەر بە سێ نەتەوەی جیاجیا بێت. جا لە کاتێکدا ئەمە هەڵوێستی ئەو سێ کوچکانییە بێت بەرامبەر بە ئێمەی کورد، شوورەیی نییە. زەمانەکەی خۆمان پشتگوێ بخەین و بە زمانی ئەوان قسە بکەین، بنووسین و بخوێنین؟ من بەش بە حاڵی خۆم زۆرم پێ چاکە بەر لە هەمووی پێویستە فێری زمانەکەی خۆی بێت. ئەم قسەیەم زیاتر رووبەرووی ئەو کەسانە دەکەمەوە کە خۆیان بە سیاسەتمەدار و پێشەوای کورد دەزانن.

«ئەڤ کەسێن پۆلیتیک و پێشەوا دەماڵێن خوە دە ژی، ب ترکی د پەیڤن. ناڤێن زارۆکێن وان ب کوردی نە. لێ هەزار مخابن، مرۆڤ دەما ب وان زارۆکێن ناڤ شیرین ئێ کورد رە دپەیڤە، ئەو ب ترکی بەرسڤا مرۆڤ ددن. ژ بەرکو ب کوردی نزانن. باڤ و دیییێ وان یێن پۆلیتیک، ب وان رە، ب کوردی ناپەیڤن. زارۆکێن خوە یێن مەزن ئێن کو دچن دبستانێ ژی دشینن دەرسێن زمانی ترکی. دیسا پرانیا مامۆستە یێن ترکی ژی، ب خوە کوردن. هەم ژی کوردێن پۆلیتیکن.» (٣)

جا تۆخوا داوەشێن نییە بۆ مامۆستایەکی کورد لە وڵاتێکی وەکو سوێد دەرسی تورکی بە منداڵی کورد بڵێتەوە، لە کاتێکدا ئەو منداڵە کوردە جارێ فێری زمانەکەی خۆی نەبووە؟ بەرای من ئەمە خیانەتێکی گەورەیە و خەنجەرێکی لە پشتەوە ئاراستەکراوە لە کورد و کوردایەتی و لە هەمان کاتدا گەورەترین خزمەتێکە کە بشێ پێشکەش بە داگیرکەرانی کوردستان بکرێت.

ئەوجا بۆ ئەوەی یەکێتی نەتەوە و زمان و کەلەپووری کورد بپارێزرێن و لە مەترسی توانەوەیان لە بۆتەقەی کولتووری تورک رزگار بکرێن، پێویستە ئەو برا کوردانەی کوردستانی باکوور لەو بێ عەقلییانەی باسم کردن واز بهێنن و با:

١- سیاسەتمەدارەکانیان بە کوردی کوردایەتی بکەن. ئەگەر کوردی نازانن، با جارێ خۆیان فێری کوردی بکەن ئینجا کوردستانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. هیچ کوردێکی دڵسۆز بە کوردستانێکی تورکی زمان رازی نابێت.

٢- ئەو نووسەرانەی بە زاراوەی کرمانجی و بە پیتی لاتینی دەنووسن، هێندە خۆیان لە ئەدەبی کوردیی سۆرانی زاراوە دوورەپەرێز نەگرن. چونکە زاراوەی کرمانجی هەرگیز گەشە ناکات ئەگەر ئەو ئەدەبە کوردییەی بە زاراوەی سۆرانی و پیتی عەرەبی نووسراوە بۆی نەکرێتە بناغە. لە کاتێکدا وشەکانی زاراوەی کرمانجی نووسینەکانیان تێر ناکات، با بۆ خۆیان لە زاراوەی سۆرانییەوە وشە قەرز بکەن نەک لە زمانێکی بێگانەوە. بروا بکەن من هەندێ جار پەنا دەبەمە بەر فەرهەنگێکی بێگانە بۆ ئەوەی لە وشە بێگانەکانی ناو نووسینە کرمانجییەکان تێبگەم، بە تایبەتی ئەو نووسینانەی لە سوێد بڵاو دەکرێنەوە:

لێ، پرەستیژا ئەوروپا ترک جارەک دن کەت.
ئەلجاما ئێزپەراسیۆن ئا چاران ژی ب ئاوایەکی
گەلەکپەری فیاسکۆ بە. (٤)
ئەرێ تۆخوا ئێوە هیچ تێگەیشتن؟
پرە ستیژ: سام وشکۆ، گرنگی، تەنسیر.
ئێزپەراسیۆن: چالاکی لەشکری، هێرشی لەشکری.
فیاسکۆ: تێکشکان، دۆراندنی مەزن.

رەنگە ئەو نووسەرانە بڵێن ئەم وشانە لە زمانەکانی: فەرەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، سوێدی و هتد هەیە، بۆچی لە کوردیدا نەبێ؟ بەڵام برایینە ئەو خەڵکە خوێنەرە بە حاڵ کوردی دەخوێنێتەوە بۆچی هێندە باریان قورستر دەکەنەوە، بەڵکو ئەوان وەک ئێوە (زیرەک) نەبن و ئەو هەموو زمانانە نەزانن.

٣- با بە هەردوو لایانەوە (سیاسەتمەدار و نووسەران) قەناعەت بە خۆیان و خەڵکە رەش و رووتەکە بکەن کە منداڵەکانیان کوردی بخوێنن و ئەگەر بە زاراوەی کرمانجی نەبوو، زاراوەی سۆرانی لە تورکی خراپتر نییە.

## پەراوێزەکان:

١- Sagor från hela Världen
٢ و ٣- ئامەد تیگریس: ل وەلێت کوردی قەدەغەیە، لێ ل دەر؟ بەربانگ ژمارە ٧٣ ساڵی (١٠).
٤- سەروتار: بەربانگ ژمارە ٧٤ ساڵی (١٠).

www.arsivakurdi.org

ئەوروپا دەیانەوێ بە: کرمانجی، سۆرانی، دملکی، فەیلی و هتد بخوێنن، ئەگەر لە ولات بوونایە ئەوەدەم: فارسی و تورکی و عەرەبییان پێدەگوترایەوە و بەو چارەنووسەش رازی بوون. هەڵبەتە ئەم قسانەم زیاتر رووبەرووی ئەو کوردانە دەکەمەوە کە لە ولات تورکییان پێدەگوترایەوە. هەڵوێستی هەندێ لەم برایانە وای لێکردم کە جارێکیان لە برایەکی کوردستانی باشوور بپرسم: ئەرێ براله! بە کرمانجی دەتەوێ دەرس بە منداڵەکەت بڵێمەوە یان بە سۆرانی؟ گوتی: مامۆستا بە کوردی دەرسی پێ بڵێرەوە.

کەسێ ئەم قسانەی من بخوێنێتەوە و شارەزای ئەم مەسەلەیە بێت دەڵێت: تواهوو، تۆ ئاگات لە چییە؟ دەبێ بڵێیت رەحمەت لە کفنذز. بەس نییە ئەوانە دەیانەوێ منداڵانیان کرمانجی بخوێنن، خەڵکی دی ئەوەشیان ناوێت.

جا براله! ئەمنیش ئاگادارم لەو بەزمەی هەیە. ماوەیەک لەمەوبەر بەڕێوەبەری قوتابخانە- کە خانمێکی سوێدییە- بانگی کردم و گوتی: خەریکە مێشکم راوەستێت. ئەمە خیانەتێکی گەورەیە لە مەسەلەی کورد، ئەمە خزمەت بە دوژمنانی کورد دەکات.

گوتم: چ بووە؟

گوتی: هەندێ لە دایک و باوکانی منداڵە کوردەکان چوونە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و فێرکردن و داوایان کردووە منداڵەکانیان بە فارسی بخوێنن.خیانەتی لەمە گەورەتر دەبێ چ بێ؟

ئەمنیش لە کاتێکدا ئارەقەی شەرمەزاری بۆ نێوچاوانمدا دەهاتە خوارێ پێم گوت: مەگەر منداڵی کورد بۆی هەیە لە جیاتی کوردی زمانێکی تر بخوێنێت؟

گوتی: نا.

بێگومان خەڵکی دیکەش هەن داوایان کردووە منداڵەکانیان بە زمانی عەرەبی بخوێنن. هەموو ئەمەش بە بیانووی ئەوەی سبەینێ کە چوونەوە ولات کوردی بە کەڵکیان نایەت. یانی ئەم کوردەی ئێمە پاش ئەو هەموو کارەساتانەی بەسەری هاتووە و ئەم خەڵکەی گەیاندۆتە ئەوروپا، ئێستاش هەر بە تەمایە بگەڕێتەوە بۆ کوردستانێکی داگیرکراو بە هەمان ئەو هەلومەرج و بارە دژوارەی بەجێیهێشتووە، بۆ کوردستانێک کە زمانی کوردی تێیدا قەدەغە بێت، یان بە کەڵک نەیەت.

خوێنەرانی بەڕێز! بە تایبەتی ئێوەی خوێنەری ولات، رەنگە ئەمەتان بەلاوە سەیر بێت، بەڵام لەمەش سەیرتر هەیە، ئەویش: بە تورکی کوردایەتی کردن: «هەم ئەو کوردێن کو ژ بەرێ ڤە ل ئەوروپا بوون و هەم ژی یێن کو ژ نوو ڤە هاتن، هەموو خەباتێن خوە یێن پولیتیک، دەمۆکراتیک و کولتووری وەک ل ترکیێ ب ترکی مەشاندن و هەتا ئیرۆ ژی وەها دۆم دکن... هەما هەما هەموو جڤینێن خوە یێن پارتی، کۆمەلاو رەوشەنبیریێ ب ترکی دکن. د کۆمەلاو بوروزێن رۆژنامە و گۆڤارێن خوە دە، ب ترکی دپەیڤن. پرسێن خوە یێن پۆلیتیک، کولتووری و جڤاکی ب ترکی گۆتوو بێژ دکن. د ئالیێ زمان دە، فەرقا وان و ئۆرگانیزاسیۆن و کۆمەلە یێن ترکان هیچ نینە. ئانگۆ ب ترکی کوردایەتیێ دکن.»(٢) یانی ئەو برا کوردانەی کە چەند ساڵێشە گەیشتوونە ئەوروپا و خۆیان بە دەمڕاستی کوردان دەزانن، ئێستاکەش لە ژێر تەئسیری تورکان دەرنەچوونە و زمانی ترکی – وەک بەکارهێنان- بە زمانی یەکەمی خۆیان دەزانن. سەیر لەوەیە هەندێک لەو پێشمەرگانەی لە کوردستان خەباتی چەکداری دەکەن، هەر بە تورکی قسان دەکەن، نەک لەبەر ئەوەی کوردی نازانن بەڵکو لەبەر ئەوەی جارێ لە تورکی رزگاریان نەبووە. بگرە لێپرسراوەکانیان بە تورکی لەگەڵ رۆژنامەنووسان قسە دەکەن و هەر لە ئێستاوە بڕیاریان داوە تاکو چەند ساڵێکیش تورکی بکەنە زمانی رەسمی ئەو کوردستانەی کە رزگاری دەکەن. باشە ئەی ئەو کوردانەی تورکی نازانن لە سایەی رژێمێکی ئاوادا چییان بەسەر دێت؟ ئایا دەبێ ئەمانیش خۆیان فێری تورکی بکەن؟!

جارێکیان برادەرێک (بۆ گاڵتە) خەبەری ئەوەی دامێ کە لە ئێزگەی «صوت أمریكا» بەشێکی کوردی کراوەتەوە بە ناوی «صوت أمریكا باللغە الكردیە». تەنیا عەیبێکی هەبێ ئەوەیە بەرنامەکانی بە عەرەبی پێشکەش دەکات. ئەم دوو مەسەلەیە بە تەواوی لەیەک دەچن. ئەم برایانەش خەبات دەکەن لە پێناوی: دەوڵەتێکی تورکی زمان لە بۆ کوردان.

من نازانم بۆچی هەندێ لە کوردان بە چاوێکی سووکەوە تەماشای زمانی نەتەوایەتی خۆیان دەکەن و زمانە بێگانە بەسەرا سەپێنراوەکانی: عەرەبی، تورکی و فارسی لەسەرووی زمانی کوردییەوە دادەنێن. ئێستا و ئێستاش و لەم ئەوروپایەدا، زۆربەی کوردەکان وەختێ تووشی عەرەب، فارس یان تورکێک دەبن، یەکسەر بە زمانی ئەوان قسە دەکەن. باشە کە زمانێکی هاوبەشی دیکە لە نێوان من و عەرەبێک هەبێ، بۆچی دەبی منی کورد هەر بە عەرەبییەکە قسەی لەگەڵدا بکەم؟! ئەمەش لە کاتێکدا کە هەریەک لەو سێ نەتەوەیەی پێشەوە دەیان بەڵگەی هیچ و پووچ و نابەجێ دەهێننەوە تاکو لەناو بۆتەقەی نەتەوەکەی خۆیاندا بمانتوێننەوە. عەرەب دەیەوێ

www.arsivakurdi.org

دەماننارده کلاسەکەی خۆی و له بابەتەکانی دی هەر لەلای ئێمه دەمایەوه. ئێستا له زۆربەی بابەتەکان لەگەڵ شاگردە سوێدییە هاوتەمەنەکانی خۆی و له کلاسی پێنجەم دەخوێنێ. له لایەکی تریشەوە لەسەر فێربوونی کوردی هەر بەردەوامە. (که هەفتەی دوو سەعاتە)

ئەم نموونەیەی پێشەوەم بۆیە هێنایەوه تاکو گرنگی زمانی زگماک وەکو یارمەتیدەرێک بۆ فێربوونی زمانێکی بێگانە، بسەلمێنم. جا ئەگەر فێربوونی زمان هۆیەک بێت بۆ فێربوونی بابەتە زانیارییەکانی دی، ئەوا بۆ ئێمەی کورد فێربوونی کوردی، هەم هۆیە و هەمیش ئامانج. هەلێکی زۆر بە نرخه که بۆمان ڕەخساوه و دەبێ بیقۆزینەوە، بە تایبەتی بۆ ئەو کوردانەی له وڵاتدا بۆیان نەبووه بە زمانی کوردی بخوێنن. جا با بزانین ئێمەی کورد تا چ ڕادەیەک سوودمان لەم دەرفەتە وەرگرتووە تاکو منداڵەکانمان فێری کوردی بکەین.

زۆر جار وا ڕێک دەکەوێ - بە تایبەتی لە شارە بچووکەکاندا- کە تەنیا یەک مامۆستای کوردی هەبێت. جا هەندێ لەو مامۆستایانە یان دەسەڵاتیان بەسەر زاراوەی کرمانجی (پیتی لاتینی) یان زاراوەی سۆرانی (پیتی عەرەبی)دا، دەشکێ. تاکو ئێستا وا ڕێک کەوتووە کە زۆربەی ئەو منداڵانەی لە ماڵەوە بە زاراوەی سۆرانی قسان دەکەن، بەبێ هیچ بیانووگرتنێک دەچنە دەرسی کوردی و فێری زاراوەی کرمانجی دەبن و بە پیتی لاتینی دەخوێنن، بەڵام بە داخەوە زۆربەی زۆر (ئەگەر نەهەموو)ی ئەوانەی لە ماڵەوە بە زاراوەی کرمانجی قسە دەکەن ولە وڵاتدا بەتوندی تورکییان پێ دەگوترایەوە،پەلپ وبیانووی ئەوە دەگرن کەپیتی عەرەبی بەکەڵکی ئەوان نایەت ولەبەر ئەم هۆیەش منداڵەکانیان نانێرنە دەرسی کوردی. یانی ئەوەیان بەلاوە چاکترە کە منداڵەکانیان لە کوردی خوێندن بێبەش بن وەک لەوەی بەپیتی عەرەبی بخوێنن. دەبا لەمەش زیاتر پێ بە جگەری خۆما بنێم وا ڕاستییەکەی بڵێم: ئەوان نایانەوێ منداڵەکانیان بە زاراوەی سۆرانی بخوێنن. جا ئەگەر هات ومامۆستاکە تواناشی بەسەر زاراوەی کرمانجیدا شکا وبە پیتی لاتینیش دەرسی گوتەوە، ئەودەم هەندێک لەم برایانە ڕەپ و ڕاست دەڵێن: دەمانەوێ مامۆستایەکی کرمانجی زمان دەرس بە منداڵانمان بڵێتەوە. جا ئەوە نەبێ لەگەڵ مامۆستا کوردەکە باسی ئەم مەسەلەیە بکەن، بەڵکو یەکسەر لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانە قسان دەکەن. ئەم برا کوردانە هەموو کاربەدەستانی سوێدییان تێگەیاندووە کە کورد بە دوو زاراوەی جیاواز قسان دەکات و ئەو دوو زاراوەیە زۆر لەیەکەوە دوورن، تەنانەت وای لێهاتووە کە سوێدییەکان وەکو دوو زمانی جیاواز تەماشای کرمانجی و سۆرانی بکەن. لە کتێبێکی سوێدیدا چەند چیرۆکێکی وەرگێردراو لە چاپدراوە، کە دوو چیرۆکی کوردیشی تێدان، بەڵام لە پێرستی کتێبەکە نەنووسراوە چیرۆکی کوردی، بەڵکو نووسراوە لە لاپەرە (١٣٢)کرمانجی و لە لاپەرە (٢٠٠) سۆرانی. هەروەها لەسەرووی چیرۆکە سۆرانییەکەوە نووسراوە: سۆرانی یەکێکە لە«زمان»ە کوردییەکان. وەکو ئەوەی کورد بە چەند زمانێک قسە بکات.(١)

حاڵ بەمەشەوە ڕاوەستێ هەر چاکە. چەند ساڵێک لەمەوبەر کە زۆر نەبوو هاتبوومە سوێد و ئەودەمیش هەر وەکو مامۆستای کوردی کارم دەکرد، بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک بانگی کردم و پرسی: ئەرێ جگە لە کرمانجی و سۆرانی چ زاراوەی دی هەنە کە کوردان پێی بخوێنن؟

گوتم: زاراوەی کچکە زۆرن، بەڵام نووسین و خوێندن تەنێ بە کرمانجی و سۆرانییە.

گوتی: باوکی منداڵێکی کورد داوای کردووە بە دملکی دەرس بە منداڵەکەی بگوترێتەوە، یەکێکی تریش بە فەیلی.

جەنابی بەڕێوەبەرم تێگەیاند ئەو دوو زاراوەیە بچووکن و گەلەک زاراوەی تری لەو بابەتە هەن کە چ تاقیان بۆ نووسین و خوێندن بەکار ناهێنرێن. ئەگەر بڵێم ئەودەم من نەمدەزانی دملکی یانی زازایی، ڕەنگە بەوە تاوانبار بکرێم کە ئاگاداری زمانی کوردی نەبم.

براینە! بە ڕاستی ئێمەی کورد سەرمان لە خۆمان و لە خەڵکی تریش تێکداوە، ئەگینا خانمێکی سوێدی چ کاری بەسەر ئەم مشتومڕەوە هەیە. دە ئەوە یاسا ڕێگای داوین بە کرمانجی و سۆرانی فێری کوردی ببین، ئیدی ئەم «دملکی»یە چییە لە خۆمان ڕاستمان کردۆتەوە. یان کەی نووسین و خوێندن بە زاراوەی فەیلی و زاراوە بچووکەکانی تر هەبووە. بەڕای من ئەم جۆرە داواکارییانە زۆر نابەجێن و زەرەر و زیانێکی گەلەک مەزن بە یەکبوونی زمان و فەرهەنگی کوردی دەگەیەنن و بە خۆم بە تەواوی دژی ئەوەم کە هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی بە زاراوەیەکی غەیری زاراوەی کرمانجی و زاراوەی سۆرانی تووشی پاشاگەردانی دەکەن. بە ڕای من ئەو زاراوانە تەنیا بۆ گفتوگۆ بەکار بهێنرێن چاکە، لەوە بەدەر هەر دەقێک کە لەمەوبەر بەو زاراوانە نووسرابێتەوە، تەنیا بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی کولتووری بەکار بهێنرێت. ئەگینا چ پێویست ناکات نووسەرێک (بۆ نموونە) بە زاراوەی هەورامی شانۆنامەیەک بنووسێتەوە. هەر ئەم کوردانە کە ئێستا لە



www.arsivakurd.org

# گەلۆ ئەم نە هەموو کوردن؟

## فەهمی کاکەیی

لە هەندێ لە قوتابخانەکانی سوێد جۆرە کلاسێک هەیە بە ناوی «کلاسی ئامادەیی». ئامانجی ئەم کلاسانە ئەوەیە پێشوازی لەو منداڵە بێگانانە بکەن کە تازە دێنە سوێد، بۆ ئەوەی فێری زمانی سوێدییان بکەن و ئامادەشیان بکەن تاکوو بتوانن بە ئاسانی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆیاندا و لە کلاسی ئاساییدا دەست بە خوێندن بکەن.

لەم جۆرە کلاسانەدا جگە لە زمانی سوێدی، ماتماتیکیش دەگوترێتەوە. هەروەها منداڵان فێری هەڵسوکەوت و یاسا و نەریتی قوتابخانەی سوێدی دەکرێن.

لەو ڕووانگەیەوە کە زمان هۆیەکە بۆ گەیشتن بە ئامانج، زمانی سوێدی هەم بۆ فێربوون و هەم بۆ فێرکردن بەکار دەهێنرێت. واتە سوێدی بە منداڵان دەگوترێتەوە تاکو بەو هۆیەوە فێری بابەت و زانیارییەکانی دی بکرێن. جا بۆ ئەوەی کارەکە ئاسانتر و خێراتر بەڕێوە بچێت و منداڵان زووتر بنێردرێنە کلاسە ئاساییەکان، زۆر جار مامۆستایەکی هاوزمانی ئەو منداڵانە لەم جۆرە کلاسانەدا کار دەکات. بوونی مامۆستایەکی هاوزمانی منداڵان جگە لەوە کاری مامۆستا سوێدییەکە ئاسان دەکات، ئارامی و دڵنیاییش بە منداڵان دەبەخشێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان زیاتر باوەڕیان بە خۆ هەبێ و کەمتر هەست بە غەریبی بکەن.

من بە خۆم لە کلاسێکی لەم بابەتە کارە دەکەم کە زۆربەی شاگردەکانی کوردن. جاری وا بووە منداڵی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان و بگرە کوردی «لوبنان»یشی تێدا بووە. ئەم منداڵانە لە وڵاتدا بە زمانی جۆراوجۆ خوێندوویانە: تورکی و فارسی، عەرەبی و کوردی (بە ئەلف و بێی عەرەبی)، هەر یەکە و بە پێی ئەو بەشە داگیرکراوەی لێوەی هاتووە. کاری من ئەوەیە یارمەتی مامۆستا سوێدییەکە بدەم لە فێرکردنی زمانی سوێدی و هەندێ جاریش بە زمانی کوردی ماتماتیک بە شاگردان بڵێمەوە. لە هەمان کاتدا فێری نووسین و خوێندنی کوردیشیان بکەم.

گەورەترین گیروگرفت کە لەم جۆرە کلاسانەدا دێتە پێشێ ئەوەیە، وەختێ منداڵێکی نەخوێندەوار لە کلاسەکەدا وەردەگیرێت. واتە منداڵێک کە لە وڵات کاتی قوتابخانەی هاتبێ و نەخرابێتە بەرخوێندن. کۆتاییساڵی ١٩٨٩ منداڵێکی کوردی دە ساڵان لەم کلاسەدا وەرگیرا. ئەم منداڵە بە دارشەق دەڕوات بەڕێوە، لە گوندەکەیان قوتابخانە نەبووە و ئەمیش نەیتوانیوە بچێتە گوندێکی تر و فێری خوێندەواری بێت، ئەگەر بشچوویا دەبوایە بە تورکی خوێندبای. تەواوی ئەو تاقیکردنەوانەی دەربارەی زمانی زگماک کراون پیشانیان داوە کە ئەو منداڵانەی بە زمانی دایک خوێندەوارییان هەبێ زووتر و ئاسانتر فێری زمانێکی دی دەبن وەک لە منداڵانی تر. بە پلەی دووەمیش ئەو منداڵانە دێن کە بە زمانێکی تر -جگە لە زمانی دایک- خوێندەوارییان هەبێت. هەر بۆیە من و مامۆستا سوێدییەکە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە چاکترین ڕێگا بۆ یارمەتی دانی ئەو شاگردە ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێ فێری نووسین و خوێندنی کوردی بکرێت و پاشان سوێدی. کارەکەمان زۆر بە خێرایی بەڕێوە چوو، بە تایبەتی شاگردەکەش بەلایەوە مەبەست بوو بە زووترین کات بگات بە هاوتەمەنەکانی خۆی و لەگەڵ ئەوان و لە کلاسی ئاساییدا بخوێنێ. پاش دوو مانگان هێند فێری نووسین و خوێندنی کوردی بوو کە بتوانرێت بکرێتە بناغە لە بۆ دەستپێکردنی فێربوونی زمانی سوێدی. زۆری پێ نەچوو کە ئیدی لە بابەتەکانی: وەرزش، وێنە و دارتاشی،

**Ji bo Berbangeke baştir!**

Ji bo Berbangeke baştir û bi qalîtetir, bêguman dîtina xwendevanên Berbangê bingeha esasî ye. Ji bo vê yekê jî, pêwîstiya redaksîyona Berbangê ji dîtinên xwendevanan re heye.

Em hevî dikin, ku tu yê bikaribî dema xwe ya hêja ji bo dagirtina bersiva pirsên anketê bidî.

Nivîsandina nav û navnîşanê girêdayiya dilê te ye.

Dema te bersivan dagirt, (bi derengî heta meha 12-an) ji kerema xwe re anketê bike nav zerfê û bişîne.

Spas!

*Stockholm 1991*
*Redaksiyona Berbangê*

**Anket**

1-Tu ji kîjan aliyê Kurdistanê yî?

- ☐ Kurdistana Bakur (Tirkiyê)
- ☐ Kurdistana Başûr (Iraqê)
- ☐ Kurdistana Rojhilat (Iranê)
- ☐ Kurdistana Rojavaya Başûr (Suriyê)
- ☐ Ji dereke din.

2- Tu çend salî yî?

- ☐ 15-25
- ☐ 25-35
- ☐ 35-45
- ☐ Ji 45'î jortir

3-Cinsê te çi ye?

- ☐ Jin
- ☐ Mêr

4-Hindekariya te çi ye?

- ☐ Dibistana bingehîn
- ☐ Lîse (gymnasiyum)
- ☐ Unîversîte
- ☐ Neçûme dibistanê

5-Tu bi çi mijûl dibî?

- ☐ Xwendekar
- ☐ Karker
- ☐ Memûr
- ☐ Bêkar

6-Tu beşa kîjan zaravayî dixwînî?

- ☐ Kurmanciya jorîn
- ☐ Kurmanciya jêrin (Soranî)
- ☐ Zazakî
- ☐ Bi çend zaravan

7- Zimanê Berbangê çawan e?

- ☐ Pir baş e
- ☐ Ne baş e.
- ☐ Xirab e.

8-Tu dixwazî bêtir kîjan nivîsên ciwakî bixwînî?

- ☐ Pirsa civakî ya li welêt
- ☐ Pirsa civata Kurd a li Swêdê
- ☐ Pirsa civakî ya gelemperî

9- Kîjan nivisên edebiyatê bala te dikşîne?

- ☐ Çîrok
- ☐ Helbest
- ☐ Pêkenîn
- ☐ Rexne
- ☐ Hevpeyvîn

10- Kîjan nivîsar bêtir bala te dikşîne.

- ☐ Nûçe
- ☐ civakî
- ☐ Dîrokî
- ☐ Ziman
- ☐ Edebî
- ☐ Siyasî
- ☐ Tendurîstî
- ☐ Senet

11-Kîjan babet nûçe bala te dikşîne?

- ☐ Nûçeyên ji welêt
- ☐ Nûçeyên ji Swêdê
- ☐ Nûçeyên ji dinyayê

12- Tu ji aliyê teknîkê ve Berbang çawa dibînî ?

- ☐ Bila wekî niha be
- ☐ Bila biformeke biçûktir derkeve
- ☐ Bila bi formeke mezintir derkeve

13 - Fotograf

- ☐ Qelîteyê fotografan baş e.
- ☐ Qelîte ne baş e.
- ☐ Fotograf mezin in
- ☐ Fotograf biçûk in
- ☐ Fotograf zêde ne
- ☐ Kêm in.

14-Nivîsar

- ☐ Nivîsar kin in.
- ☐ Dirêj in
- ☐ Normal in

15- Tîp

- ☐ Tîp mezin in
- ☐ Biçûk in
- ☐ Normal in

16 - Tu dixwazî Berbang bi çend zaravan çap bibe?

- ☐ Bi her sê zaravan
- ☐ Bibin çend kovarên cuda

17 - Tu dixwazî Berbang

- ☐ 15 rojî be
- ☐ Mehane be
- ☐ Sê mehane be

Dîtin û pêşnîyarên te yên din:

.....................................................................................................
.....................................................................................................
.....................................................................................................
.....................................................................................................
.....................................................................................................

**Spas ji bo alîkariya te!**

www.arsivakurdi.org

## بۆ «بەربانگ»ێکی باشتر!

خوێنەرانی بەڕێز:

هەڵسەنگاندن و تێبینەکانی ئێوەی خوێنەرانی بەربانگ، باشترین پاڵپشت و پشتگیرییە لە ئێمە بۆ باشتترکردن و بەرەوپێشەوەچوونی گزڤارەکەمان. بۆیە بە پێویستی دەزانین لە دیتن و پێشنیارەکانی ئێوە بەئاگابین، تا بتوانین لە کاروبارەکانی داهاتوومانداا بۆ چاکترکردنی گزڤارەکەمان لە ڕووی ناوەڕۆک و شێوەوە، سوودیان لێوەربگرین.

هیوادارین ئێوەش بە دەنگ ئەم داوایەمانەوە بێن و دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ئەم ئەنکێتەمان بۆ ڕەوانە بکەنەوە.

لەگەڵ سوپاس و ڕێزماندا.

دەستەی نووسەرانی بەربانگ

ستۆکهۆڵم- ١٩٩١

**١- لە چ بەشێکی کوردستانەوە هاتوویت؟**

☐ کوردستانی باکوور (تورکیا)

☐ کوردستانی باشور (عێراق)

☐ کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران)

☐ کوردستانی ڕۆژاوای باشوور (سوریا)

☐ وڵاتی تر

**٢- تەمەنت چەندە؟**

☐ ١٥- ٢٥

☐ ٢٥- ٣٥

☐ ٣٥- ٤٥

☐ لە ٤٥ بەرەوژوور

**٣- جنسی تۆ چییە؟**

☐ ئافرت

☐ پیاو

**٤- پلەی خوێندەواریت؟**

☐ قوتابخانەی سەرەتایی

☐ قوتابخانەی ناوەندی

☐ قوتابخانەی ئامادەیی

☐ خوێندنی باڵا

**٥- کارت چییە؟**

☐ خوێندەواری

☐ کارگەر

☐ فەرمانبەر

☐ بێکار

**٦- بە چ زاراوەیەک دەخوێنیتەوە؟**

☐ کرمانجی ژووروو

☐ کرمانجی خواروو

☐ زازاکی

☐ چەند زاراوەیەک

**٧- زمانی بەربانگ چۆن دەبینیت؟**

☐ زۆر باشە

☐ باشە

☐ نە باشە، نە خراپە

☐ باش نییە

☐ خراپە

**٨- دەخوازیت چ جۆرە وتارێکی کۆمەڵایەتی بخوێنیتەوە؟**

☐ لەسەر باسی کۆمەڵایەتی لە وڵات

☐ لەسەر باسی کۆمەڵایەتی کوردان لە سوێد

☐ لەسەر باسی کۆمەڵایەتی بە گشتی

**٩- گرنگی زیاتر بە کام بابەتی ئەدەبی دەدەیت؟**

☐ چیرۆک

☐ شیعر

☐ تەنز

☐ ڕەخنە

☐ چاوپێکەوتن

**١٠- گرنگی تایبەتی بە چ بابەتێک لەم بابەتانە دەدەیت؟**

☐ دەنگوباس، هەواڵ

☐ کۆمەڵایەتی

☐ مێژوویی

☐ زمان

☐ ئەدەبی

☐ سیاسی

☐ تەندروستی

☐ پیشەیی

**١١- چ هەواڵ و دەنگوباسێک پتر سەرنجتر ڕادەکێشێ؟**

☐ دەنگوباس و هەواڵی وڵات

☐ دەنگوباس و هەواڵی سوێد

☐ دەنگوباس و هەواڵی دونیا

**١٢- لە ڕووی تەکنیکییەوە «بەربانگ» چۆن دەبینیت؟**

☐ وەک ئێستای بمێنێتەوە

☐ لە قەوارەیەکی بچووکتر دابێت

☐ لە قەوارەیەکی گەورەتر دابێت

**١٣- بڵاوکردنەوەی وێنە و تابلۆ؟**

☐ کەمتر بکرێتەوە.

☐ زۆرتر بکرێت

**١٤- ئەو نووسینانەی بڵاودەکرێنەوە:**

☐ کورتن

☐ درێژن

☐ مامناوەندین

**١٥- پیتەکان:**

☐ گەورەن

☐ بچووکن

☐ مامناوەندین

**١٦- بە چەند زاراوە دەربچێت؟**

☐ بە هەردوو زاراوەکە

☐ بە دوو گزڤاری جیا

**١٧- گزڤارەکە:**

☐ مانگانەبێت

☐ وەرزی بێت

چ دیتن و پێشنیاری ترت هەیە:

سوپاس بۆ هاریکاریتان

بەربانگ

www.arsivakurdi.org

## لەم ژمارەیەدا

### کرمانجی خواروو


گەلۆ ئەم نە هەموو کوردن؟ ............ فەهمی کاکەیی
ئازادی، دیموکراسی، یان و............ کەریمی حیسامی
بە تەنیا ئەورووپا یان ............ ج. کوردۆ
میکانیزمی تووشبوونی نەخۆشی ئایدز............ ئومێد سالح رەسوڵ
رۆژنامەگەریی کوردی و............ نەژاد عەزیز سورمێ
دوو شیعر ............ هەندرێن
کوردە پەنابەرەکانی پاکستان ............ هوشیار
تیپی مووزیکای پاشای گەورە ............ ناسری رەزازی
چالاکییەکان ............
کتێبخانەی بەربانگ ............
کورتە هەواڵ ............


### کرمانجی ژوورو


دەنگی کورد لە پەرلەمانەتۆیا ............
کورد گەلێ قەدەغەکری ............ ل. جەنگین
چ دیتن؟ چ بهیستن ............
بوهایێ قسەکردنا کوردی ............ هەسەن
ب ئەبوقاتن کورد رە هەڤپەیڤینەک ............ ............کامەران بزاو
بێدەنگی نژادپەرستان بەهێز دەکە ............ ئەحمەد تیگریس
کورت ...... کورت ............
ما خەما وی رایا گشتییە؟ ............ م. ئەمین نارۆزی
سەیدێ نورسی ............ روهات
وش پەکووک ............
گەلی - گازند ............
چیرۆک ئوو نورەدین زازا ............ فرات جەوهەری
دوو هەلبەستێن ............ مەحفوز مایی


رووبەرگ: هونەرمەند ئازاد شەوقی


# بـەربـانـگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد

بەرپرسیار: ن. کریف

سەرنووسەر: ئا. تگریس

دەستەی نووسەران

ج. حەیدەری

خەبات عارف

ل. جەنگین

پ. خۆرتۆ

سیامەند شێخ ئاغایی

دیلان دەرسیم

پیتداچن و تەکنیکاران

ئا. تگریس- ن. کریف- دیلان دەرسیم

ئامادەکردنی بەشی دملی

هـ . دلژەن

ئابوونەی ساڵانە: ١٠٠ کرۆنی سوێدییە

بۆ دەزگاکان ٢٠٠ کرۆنی سوێدییە

دەستەی نووسەران لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن و لەو نووسینانەی بە واژۆی خاوەنەکانیان بڵاوەکرێنەوە، بەرپرسیار نییە.



ناونیشان:

BERBANG
Box 490 90
100 28 STOCKHOLM

تەلەفۆن:

08- 652 85 85

پۆستگیرۆ:

64 38 80-8



ژمارە ٧٦ ساڵی (١٠) ١٩٩١

☐ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوێد، لە ٦-٦-١٩٨١ دامەزراوە.

☐ گۆڤاری بەربانگ ژمارەی یەکەمی لە ١٩٨٢/٧دا، بڵاوکراوەتەوە.


www.arsivakurdi.org

# بەربانگ

ژمارە ٧٦ | گۆڤاری فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید | ساڵی «١٠»

